Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.3.4

# پەرژینە زمانیەکان لە دەقە دادوەرییەکاندا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Agreen Shawkat Hadi
agreen.hadi@epu.edu.iq

**ئاگرین شـــوکت هادی/** بەشـــی کارگێری یاســـایی، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :10 /04/2025
ACCEPTED :22/06/ 2025
PUBLISHED :15/06/2026

پوختە

پەرژینە زمانیەکان ستراتیجییەکی زمانیە، ئەم بابەتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە شیکردنەوەی گوتارەوە هەیە، پەرژینە زمانیەکان بۆ کەمکردنەی جەختکردنەوەیە لە گوتارە جیاوازەکاندا، زمانەوانیی دادوەری و پەرژینە زمانیەکان دوو بابەتی جیاوازن، بەڵام خالی هاوبەشی نێوانیان بریتییە لە بەکارهێنانی زمان. زمانەوانیی دادوەری زانیاری و شێوازەکانی زمانی بۆ چوارچێوەی یاسایی لە لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکانەوە تا ڕێوشوێنەکانی هۆڵی دادگا بەکاردەهێنێت، واتا بە سوود وەرگرتن لە زمان، پەرژینە زمانیەکان لە لێکۆڵینەوە و دۆسیەکانی تاواندا دەستنیشاندەکرێت، پەرژینە زمانیەکان ئەو وشە و ڕستە، دەقانەن، کە واتایەکی ڕوونیان نییە، بەڵکو واتای لێدوان و نووسراوەکان تەمومژاوین، ئاخێوەر ڕاستی لێدوانەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان یەکلایەکەرەوە دەرنابڕێت، بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی نەخاتە ئەستۆی خۆی، ئەمیش بەهۆی ئەو هەڵوێستەی لە ئاییندەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەم توێژینەوەیە باس لە بەکارهێنانی پەرژینە زمانیەکان لە دەقە دادوەرییەکان دەکات، دادخواز و تاوانباران، تۆمەتباران، گەواهیدەران لە کاتی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی لێدوانەکانیاندا، هەوڵدەدەن خۆیان لە ڕاستی بابەتەکە دووربخەنەوە، ئەنجامی تاوانەکانیان نەخەنە ئەستۆی خۆیان، بەهۆی ئەو لێکەوتانەی کاریگەریان لەسەر بڕیارەکانی دادگا دەبێت. میتۆدی ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر یەکێک لە پێوەرەکانی (Scientific Content Analysis method) . ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم لایەنی تیۆریە، لە بەشی دووەم تیشک خراوەتەسەر پەیوەندیی نێوان زمانەوانیی دادوەری و پەرژینە زمانیەکان دواتر چەند کەیسێکی دادوەریمان شیکردۆتەوە.

وشە سەرەکییەکان:
پەرژینە زمانیەکان
زمانەوانیی دادوەری
تاوان
خودپارێزیی

About the Journal
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

0. پێشەکی:

(واینرایچ) (Weinreich,1966:142) لە ساڵی (1966) لە توێژینەوەیەکی زمانیدا ئاماژەی بە پەرژینە زمانیەکان کردووە، کاتێک باسی لە (ئۆپەراتۆرە مێتا زمانیەکان) کردووە، دواتر چەمکی (پەرژینە زمانیەکان) بەشێوەیەکی سیستماتیکی لەلایەن (جۆرج لاکۆف)ەوە لە وتارێکی سەرەکیی خۆیدا بە ناوی" پەرژینە زمانیەکان لێکۆڵینەوەیەک لە پێوەرەکانی واتا و لۆژیکی چەمکە تەمومژاوییەکان" ناسێنرا، لە ساڵی (1973)دا بڵاوکرایەوە (Jabbar,2019:347)، لەم کارەدا (جۆرج لاکۆف) لەوە لێکۆڵینەوەی کرد، هەندێک وشە و دەستەواژە، بەشێوەیەکی کاریگەر "سنووری تەمومژاوی" لەنێوان چەمکەکاندا دروستدەکات. (جۆرج لاکۆف) زاراوەی (پەرژینە زمانیەکان) بۆ وەسفکردنی دەربڕینە زمانیەکان داهێناوە، کە وا دەکات واتاکان ناڕوون بن. ئەو لێکۆڵینەوەی لەوە کرد، چۆن وشەکانی وەک "جۆرێک" "وای دەبینم "، "بەڵام" لە ڕووی تەکنیکییەوە" واتای وشە، یان دەستەواژەکانی دیکە بۆ دەربڕینی ڕاستییە بەشەکییەکان، یان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی لێدوانەکان دەگۆڕن. لۆژیکی تەمومژاوی لەلای (جۆرج لاکۆف) لەژێر کاریگەریی چەمکی لۆژیکی تەمومژاوی لە بیرکاری و واتادا بووە، سنوورەکانی نێوان پۆلەکان هەمیشە ڕوون نینن. ئەم بیرۆکەیەی لە زماندا بەکارهێنا، ئاماژەی بەوەدا پەرژینە زمانیەکان ڕێگە بە ئاخێوەران دەدەن، ئەم سنوورە تەمومژاوییانە لە پەیوەندییەکانییان بەکاربهێنن.

1-0 ناونیشانی توێژینەوەکە:

پەرژینە زمانیەکان لە دەقە دادوەریەکاندا

2-0 گرنگیی توێژینەوەکە:

پەرژینە زمانیەکان لە زمانەوانیی دادوەریدا ڕۆڵێکی گرنگ لە چۆنیەتیی لێکدانەوەی زمان لە چوارچێوەی یاساییدا دەگێڕێت، بەم پێیە تێگەیشتن لە پەرژینە زمانیەکان بۆ زمانناسانی دادوەری لە شیکردنەوەی دەقە دادوەریەکان لە یاسادا زۆر گرنگە، چونکە کاریگەریی لەسەر لێکدانەوەی بەڵگەکان، گوتاری گەواهیدەران و ئارگیومێنتە دادوەرییەکان دەبێت.

3-0 ئامانجی توێژینەوەکە:

تۆمەتباران و تاوانباران و دادخواز و گەواهیدەران لە کاتی وەرگرتنی وتەکانیان، هەوڵی خودپارێزیی دەدەن، لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمانە دەستنیشانکردنی پەرژینە زمانیەکانە لە دەقە دادوەرییەکاندا.

4-0 سنوور و میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لەئاستی پراگماتیکدایە، میتۆدی (Scientific Content Analysis method) بەکارهێنراوە، تەکنیکێکی شیکردنەوەی گوتارە لەلایەن (ئەڤینۆام ساپیر)، پشکنەری پۆلیگرافی ئیسرائیلی پەرەپێدراوە. ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر یەکێک لە پێوەرەکانی( SCAN)، پشتگیری لە لێکۆڵینەوەی تاوان و یاسا دەکات. تەنها ئەو نموونانە وەرگیراون، کە لە بەشێک لە دەقە دادوەرییەکانی ساڵانی (2013 - 2019)، سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر و ئەو دادگایانەی پەیوەستن بەم دادگایەوە، تەنها (7) دەقی دادوەرییمان وەرگرتووە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە چوارچێوەی ڕێبازی (وەسفی شیکاری)یە.

5-0 پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

- پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزیی چییە؟
- جۆرەکانی پەرژینە زمانیەکان کامانەن؟
- پەیوەندیی نێوان زمانەوانیی دادوەری و پەرژینە زمانیەکان چییە؟
- مەبەست لە (Scientific Content Analysis method) چییە؟
- ئایا میتۆدی ناوەڕۆکی زانستی لە دەقە دادوەرییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە؟.

6-0 هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

پەرژینە زمانیەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە چۆنیەتی دەربڕینی نادڵنیایی تاکەکاندا دەگێڕێت، زمانناسانی دادوەری، شیکردنەوەی پەرژینە زمانیەکان بۆ ئاشکراکردنی مەبەستی ئاخێوەر بەکاردەهێنن، هەڵسەنگاندنی ڕاستی و تێگەیشتن لەوەی، کە چۆن

ستراتیجیەتی زمان بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی لە لێپرسینەوە دوور بکەوێتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی ،کە چۆن زمان دەتوانێت هەم ڕاستییەکان ئاشکرابکات، هەم تەمومژاویان بکات، دادخوازان و تۆمەتباران و تاوانباران و شایەتحالەکان خۆیان لە ڕاستیی خودپارێزیی بپارێزن و ئەرکی بەپرسیاریەتی لەسەر خۆیان لابدەن.

7-0 پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

-بەشی یەکەم بەشی تیۆرییە باسی (چەمکی پەرژینە زمانیەکان، پێناسەی پەرژینە زمانیەکان، گرنگی پەرژینە زمانیەکان، ڕێبازەکانی شیکردنەوەی پەرژینە زمانیەکان، جۆرەکانی پەرژینە زمانیەکان) کراوە.

-بەشی دووەم باسی (پێشینەی زمانەوانیی دادوەری، پەرژینە زمانیەکان لە زمانەوانیی دادوەریەکاندا، پەرژینە زمانیەکان لە دەقەدادوەرییەکاندا، پەرژینە زمانیەکان لە شیکردنەوەی گوتاری دەقی زمانەوانیی دادوەریدا، تەکنیکی (SCAN) بۆ شیکردنەی دەقە دادوەرییەکان) کراوە. دواتر بە شیکردنەوەمان بۆ (7) دەقی دادوەریمان کردووە.

1:پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزیی

1-1چەمکی پەرژینە زمانیەکان

ئەم دەستە واژەیە لە زمانی ئینگلیزیدا پێیدەڵێن (Linguistics Hedges)، لە زمانی عەرەبیدا پێیدەڵێن (التحوط اللغوي)، وشەی(Hedge) لە فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی – کوردی) بەواتای (پەرژین) هاتووە، (ناوخۆش،2007:213). لە زمانی کوردی دەبێتە (پەرژینە زمانیەکان)، (مێیرز) پەرژینە زمانیەکان وەک ئامرازێکی ڕێزگرتن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێک، یان هەر پرسێک دەیبینێت (Sharndama & Panamah,2012). (جۆرج لاکۆف) لە ساڵی (1972) (Hassan:347) چەمکی پەرژینە زمانیەکان بۆ تایبەتمەندکردنی ئەو وشانەی بەکارهێناوە، کە خزمەت بە کەم تا زۆری شتەکان دەکەن. بەڵام ئێستا ڕۆڵی پەرژینە زمانییەکان فراوانتر بووە، بۆ بڕواکردن بە ڕاستی چەمکێک، وەک (ئەوەی من باوەڕم وایە، ڕەنگە، دەبوو...هتد)، ئێمە بەردەوام لە گوتنەکانماندا بەکاریاندەهێنین، بۆ ئەوەی لە جەختکردنەوە دووربکەوینەوە. پەرژینە زمانیەکان ئاماژەیە بۆ هەر گوتنێکی زمانی بۆ پەیوەندیکردن یان (1) پابەندنەبوون بەوردی لێدوانێک، (2) خواستێک بۆ دووركەوتنەوە لە دەربڕینی ڕوونی ئەو پابەندبوونە بەکاردێت. بەم پێیە پەرژینە زمانیەکان تەنها لە دەربڕینی وشەسازیدا سنووردار نییە، بەڵگەکان ئاماژە بە پرسیارەکانی IF-clauses و نیشاندەری دژبەیەک دەکەن (Hassan,2024:231). (هایلاند) دەڵێت: مۆدالیتی ئاماژەیە بۆ "هەڵوێستی ئاخێوەر/نووسەر بەرانبەر بە بەهای ڕاستی گوتنێک (Hyland,2000:95). بە بۆچوونی نووسەرانی وەک (مارکانن و شرۆدەر) وەک لە (Takimoto,2015)دا ئاماژەپێکراوە، دەتوانرێت پەرژینە زمانیەکان بۆ دەستکاریکردنی دەقێک بە جێهێشتنی خوێنەر لە تاریکیدا، سەبارەت بە کەتواری جەختکردنەوەکەی نووسەر بەکاربهێنرێت. هایلاند (Hyland,2008) پەرژینە زمانیەکان وەک بەشێک لە (مێتادیسکۆرسە کارلێککەرەکان) دەزانێت، دەڵێت: میتادیسکۆرس پارادایمێک بۆ بیرکردنەوە لە پەیوەندیکردن، وەک بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی دابیندەکات، هەندێک تایبەتمەندی ڕووندەکاتەوە، کە چۆن خۆمان لە گوتارەکانماندا ئاماژە بە هەڵوێستمان بەرانبەر بە ناوەڕۆکی دەقەکە و بینەرەکەی دەکەین؟ (Hyland,1994) هایلاند دەڵێت: پەرژینە زمانیەکان لە هەردوو کرداری قسەکردن و نووسیندا دەردەکەوێت.

2-1 پێناسەی پەرژینە زمانیەکان

-(لاکۆف) پەرژینە زمانیەکان وەک بابەتی زمانی پێناسەدەکات، گوتارەکان "تەمومژاویتر"، یان کەمتر ڕوونتر دەکەنەوە. بە گوێرەی لاکۆف پەرژینە زمانیەکان دەربڕینگەلێکی وەک "جۆرێک"، "بەڵکو"، یان...هتد، لە ڕووی تەکنیکییەوەن، واتای وشەیەک، یان دەستەواژەیەک بە مەبەستی کەمتر کاریگەریی وتەیەک دەگۆڕن ( Lakof,1973:95).

-(سەرسارابی و زۆلفەغاری) پەرژینە زمانیەکان ستراتیژێکی زمانیە، توانای پەیوەندیی و بەشداریکردنی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی کاریگەرتر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زیاد دەکات. ئاخێوەران بەدوای ڕێگەی کاریگەردا دەگەڕێن، بۆ

گەیاندنی ناڕوونی و گومان و بێمتمانەیی و هەستەکانی تر (Sarsarabi & Zolfaghari,2021).

-(کۆتس) پەرژینە زمانیەکان بە شێوازی زانستی وەسف دەکات، کە پەیوەندیی بە ئاخێوەر، یان هەڵسەنگاندنی ئەگەرەکانەوە هەیە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئاماژەیە بۆ متمانەی ئاخێوەر، یان نەبوونی متمانە بە ڕاستی ئەو گوتنەی دەربڕدراوە (Coates,1987).

-(لیۆن) هەر گوتنێک تێیدا ئاخێوەر بەڕوونی پابەندبوونی خۆی بە ڕاستیی ئەو گوتنەی بەهۆی ئەو ڕستەیەی دەیڵێت دەربڕدراوە، بڕوایەکی زانستییە، ڕستەیەکی مۆداڵی زانستییە، یان ڕستەیەکی مۆداڵیزە (Lyons,1977:797).

-(فەرهەنگی کامبیریج) ڕێگایەکە بۆ دوورکەوتنەوە لە پێدانی وەڵام یان بۆچوونێکی ڕاستەوخۆ.

-(هایلاند) پەرژینە زمانیەکان "ئامرازێکە نووسەران دەتوانن گومان دەرببڕن و ئاماژە بەوە بکەن، کە لێدوانێک کەوتۆتە ژێر ڕووداوی جۆراوجۆرەوە". هایلاند تیشک دەخاتە سەر ئەوەی پەرژینیە زمانیەکان ڕێگە بە نووسەران دەدەن، بە وریاییەوە بیرەکانیان بخەنەڕوو، ئەمەش هۆشیاری لە دیدگا و لێکدانەوە جێگرەوەکان پیشاندەدات (Hyland,1994).

-(دیبۆرا تانێن) پەرژینە زمانیەکان بە بەشێک لە هەڵوێستی "ناڕاستەوخۆ" دەزانێت، ئاخێوەران بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە، یان ناکۆکی بەکاریاندەهێنن. بۆیە وەک ڕێگەیەک بۆ دانوستاندن لەسەر پەیوەندییە کەسییەکان، پەرژینە زمانیەکانی وەک هاوسەنگی لە پەیوەندیکردندا سەیر دەکرێت (Tannen,1994).

-(فرایزەر بروس) پەرژینە زمانیەکان بە "ستراتیژێکی ڕەوانبێژ" وەسفی دەکات، ئاخێوەرێک هێزی لێدوانەکەی کەمدەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ململانێ دووربکەوێتەوە، کەمتر شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی پێوە دیار نەبێت (Fraser,2010).

-(براون و لیڤینسۆن) پەرژینە زمانیەکان وەک ستراتیژییەک بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسیەی لە پشت هەموو کردەوەیەکی پەیوەندیکردن هەیە، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە (Brown & Levinson,1987).

-(دوبۆیس پیندی) پەرژینە زمانیەکان بۆ ئاماژەدان بە مەودای گوتن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بێدەنگ دیدگای کەسی نووسەرێک بخەنە ناو پەیوەندییەکانەوە (Dubois,2008:538).

-(مایرێس) دەتوانرێت باشتر لە پەرژینە زمانیەکان وەک ستراتیژیی ئاکار ئەرێنی، یان نەرێنی تێبگەین، واتە وەک ستراتیژی هزری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتیانەی لە بڵاوکردنەوەی بابەتێکدا بەشدارن (Myers,1988).

-(ڕاوندس) پەرژینە زمانیەکان تەنها بۆ خودپارێزیی و تەمومژاویکردنی واتا بەکارناهێنرێن، بەڵکو دەتوانرێت بۆ دانوستاندن بۆ نوێنەرایەتیکردنی دروستی دۆخی ئەو زانستەی باس دەکرێت، واتە بۆ بەدەستهێنانی وردبینیی زیاتر لە بانگەشە زانستییەکاندا بەکاربهێنرێت (Rounds,1981).

-(کرۆدەر و زیمەر)بەپێی دیاردەی پراگماتیکیەکان پەرژینە زمانیەکان، زاراوەیەکە ئاماژەیە بۆ مۆدالیتی، ناڕوونی...هتد، دەکات (Schröder & Zimmer,1997:249).

### 3-1 گرنگیی پەرژینە زمانیەکان

پەرژینە زمانیەکان ئاماژەن بۆ هەوڵی نووسەران، بۆ ئەوەی خوێنەران ڕازی بکەن، کە لێدوانەکانیان ڕاستن، ئەمەش یارمەتیدەرە لە ئارەزووی ڕازیبوون بە بۆچوونەکانیان. بەم شێوەیە پەرژینە زمانیەکان زیادەڕەوی لە داواکارییەک کەم دەکەنەوە. (هایلاند)دەڵێت: گوتارێک لەسەر بنەمای ئیستدلالێکی جێی متمانەیە نەک زانیارییەکی دیاریکراو و ڕۆڵێکی سازشکارانەیان هەیە.(Hyland,1998:352) (ڤێنتۆلا) دەڵێت: ڕاستییە بابەتییەکان و هەڵسەنگاندنی بابەتیی هاوسەنگ دەکەن. (Ventola,1997:152) ئەکادیمییەکان پێویستە وشەی گریمانە یان پێشنیار، لەبری دەزانم بەکاربهێنن. لەبەر ئەوەی نووسەران دەبێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئارگیومێنتەکانیان، ڕاستییەکان، تێبینییەکانیان، داتاکانیان و زانیارییەکانیان ڕێکبخەن، کە لەلایەن کۆمەڵگەکەیانەوە بەهایان پێدراوە، پەرژینە زمانیەکان بەشدارییەکی بەرچاو لە دانوستاندن لەسەر زانیاری کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن. (کرۆمپتۆن) دەڵێت: پەرژینە زمانیەکان پێدەچێت لەژێر کۆمەڵێک لە زمانی گۆڕاو بێت، خزمەت بە ئەرکی گۆڕینی وتەکان دەکات (Crompton,1997:67)، ڕۆڵی گشتی پەرژینە زمانیەکان

له توێژینەوەیەکی زانستیدا بریتییە لە ئاماژەدان بە پێشبینیکردنی نووسەرێک بۆ دانوستاندن لەسەر داواکارییەکان. دەتوانرێت دەربڕینەکانی پەرژینە زمانیەکان لە وەسفکردنی شێواز و ئەنجامەکان، باسکردنی دۆزینەوەکان، دەرەنجامەکان لە بەڵگەکان، ڕازیکردنی خوێنەران و دامەزراندنی پەیوەندیی نێوان کەسەکان لەنێوان خوێنەران و نووسەراندا بەکاربهێنرێت. توێژەران باسی دۆزینەوە و دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەیان بەشێوەیەکی پۆلێنبەندی بکەن. هەروەها نووسەران لەڕێگەی بەکارهێنانی پەرژینە زمانیەکانەوە هەوڵدەدەن، هەلی ڕازیکردنی خوێنەرەکانیان باشتربکەن، بە وەرگرتنی دیدێکی وریا لە لێدوانەکانیاندا. خوێنەران بۆ هەڵسەنگاندنی بانگەشەی نووسەر بانگهێشت دەکات و بڕیاری خۆیان سەبارەت بە ڕەوایەتییەکەی بدەن (Varttala,2011:38).

1-4 ڕێبازە شیکارییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە پەرژینە زمانیەکان

1-4-1 زمانەوانیی نموونەیی (Corpus Linguistics):

زمانەوانیی نموونەیی شێوازێکی ئەزموونییە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان لە ڕێگەی ئەو نموونانەی لە دەقەکاندا دەستنیشان دەکرێت (Meyer,2023:4). توێژەران تێڕوانینێک سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی پەرژینە زمانیەکان لە ژانرە جیاوازەکانی گوتار و چوارچێوەی پەیوەندیکردندا بەدەستدەهێنن. بۆ نموونە شیکردنەوەی نموونەیی دەتوانێت نیشانە و دابەشبوونی کردارە مۆدالییەکان و دەستەواژەی پەرژینە زمانیەکان لە نووسینی ئەکادیمی، ڕۆژنامەوانی، یان لەگفتوگۆی ڕۆژانەدا ئاشکرابکات. جگە لەوەش زمانەوانیی نموونەی دەتوانێت ڕۆشنایی بخاتەسەر ئەرکە پراگماتیکییەکانی پەرژینە زمانیەکان، وەک کەمکردنەوەی هەڕەشەکان و دەربڕینی نادڵنیایی.

1-4-2 شیکردنەوەی گوتار(Discourse Analysis):

شیکردنەوەی گوتار لێکدانەوەی پەیامی ئاخێوە، یان نوسەرە بە گشتی، شیکردنەوەی گوتاری (وتاری وتراوبێ، یان نوسراو) بەپێی خواست و تایبەتمەندیەکانی شیکەری گوتارەکە دەگۆڕێ. واتە بەپێی تایبەتمەندی و خواستی شیکەری گوتار دەکرێ. ئەرکی بابەتی شیکردنەوەی وتار، بارکردنی گوتارەکان و ساغکردنەوەی مەبەست و پەیامەکانیانە بۆ ئەوەی وەرگرانی گوتار نەبن بە ڕۆبۆتی بەرنامەڕێژکراو و بتوانن ڕاستە ڕێگا و نەشە ڕێگای خۆیان دەستنیشان بکەن و بە ئازادی مێشکیان لە دیلیەتی پەیام و ڕەهایی بیرکردنەوە ستراتیژیەتی ڕا و بۆچوونی تایبەتی خۆیان یەکلابکەنەوە (ڕەسول، 2023:4) توێژەرانی شیکردنەوەی گوتار لێکۆڵینەوە لەوە دەکەن، کە چۆن پەرژینە زمانیەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە و پاراستنی پەیوەندییەکان، دروستکردنی زەمینەی هاوبەش لەنێوان ئاخێوەراندا بەکاردەهێنرێن.

1-4-3 پراگماتیک (pragmatic):

پراگماتیک لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان زمان و دەوروبەرەوە دەکات، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، چۆن ئاخێوەران و گوێگران زمان بۆ گەیاندنی واتا و مەبەست و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن؟ ئەوەی لە پراگماتیک دەفامرێتەوە، ئەوەیە زانیاریی زمانەوانیی بەس نییە بۆ گەیشتن بە چەمکی واتای ئەو واتایەی پراگماتیک مەبەستێتی لە خودی وشە و قرێز و ڕستەکاندا بەدی ناکرێ (ناوخۆش،24:2014)، لەم چوارچێوەیەدا پەرژینە زمانیەکان وەک ستراتیژییەکی پراگماتیک، بۆ بەڕێوەبردنی پابەندبوونی ئاخێوەر بە ڕاستیی قسەکانیان دەخوێندرێتەوە. بۆ نموونە توێژەران دەتوانن لێکۆڵینەوە بکەن، چۆن بەکارهێنانی کردارە مۆدالیەکانی وەک "ڕەنگە" "پێدەچێت کە" "ئەگەری ئەوە هەیە"؟ کاریگەریی لەسەر پابەندبوونی ئاخێوەر بە گوتارێکی دیاریکراوەوە هەبێت، پراگماتیک چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ تێگەیشتن لە ئەرکە جۆراوجۆرەکانی پەرژینە زمانیەکان لە پەیوەندیکردندا دابیندەکات، تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی گەیاندنی واتا و بەڕێوەبردنی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان.

1-4-4 زمانەوانیی کۆمەڵایەتی(Sociallinguistics):

زمانەوانیی کۆمەڵایەتی گرنگی بە توێژینەوەی زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەدات (عبدالعزیز، و.خۆشناو،2021: 13)، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگە دەکات، بەدواداچوون بۆ ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانە دەکات، کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنان و گۆڕانی زمان هەیە. لەناو ئەم بوارەدا پەرژینە زمانیەکان وەک ستراتیژییەک بۆ

بەڕێوەبردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دانوستاندن لەسەر داینامیکی دەسەڵات لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. پەرژینە زمانیەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێ و ئاماژەدان بە ڕێزگرتن، بۆ پاراستنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت.

1-5 ئەرکە پەیوەندیدارەکانی پەرژینە زمانیەکان

لەڕووی ئەرکەوە پەرژینە زمانیەکان بۆ پەرژینە زمانیەکان ئاکاری ئەرێنی و نەرێنیدا پۆلێندەکرێت، ئاکار دیاردەیەک (یۆل) وەک سیستەمێکی تایبەت تایبەتمەند دەکات، ئەگەری ململانێ لەنێوان کەسانی ناو کۆمەڵەکاندا سنووردار دەکات، مەترسی لەسەر کەسایەتی "تێروانینی گشتی" کەسەکە، یان ئاخێوەر، گوێگر، یان هەردووکیان. بە واتایەکی تر بەکارهێنانی دەربڕینی بە ئاکارەوە و هەبوونی ئاکاری دەبێ وەک ستراتیژییەکانی پاراستنی دۆخە هەرەشەئامێزەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت (Yule,1996:106).

1-5-1 پەرژینە زمانیەکان وەک ستراتیژییەکی ئاکار:

پەرژینە زمانیەکان وەک توخمێکی گرنگی ستراتیژییەکانی ئاکاری لە پەیوەندیکردندا کاردەکات. ئەویش بە کەمکردنەوەی هێزی گوتنەکان، ئاخێوەران دەتوانن خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەرەشەکان خۆیان بەدووربگرن، کارلێکە هاوسەنگەکان بپارێزن. ئەمە بەتایبەتی بەو کلتوورانە پەیوەندیدارە، کە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بۆچوونەکانیان دەردەبڕن، گەیاندنی بیروبۆچوونەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەک بێ ڕێزیکردن سەیر دەکرێت. بۆ نموونە ئاخێوەرێک دەتوانێت پەرژینە زمانیەکان وەک "پێموایە"، "پێدەچێت"، یان "ڕەنگە" بۆ لێدوانێکی ڕەخنەگرانە، یان ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری بەکاربهێنێت، ئەمەش ڕێگە بە دەربڕینێکی جیاواز و ڕێزدارتر لە بۆچوونەکانیاندا دەدات.

2-5-1 گۆڕانکارییە کلتوورییەکان لە ئاکاردا:

پەیوەندیی نێوان پەرژینە زمانیەکان و ئاکاری لە کلتوورەکاندا جیاوازە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نۆرم و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە، زۆر گرنگە ئەم جیاوازیە کلتوورییانە لە کاتی بەکارهێنانی پەرژینە زمانیەکان لە پەیوەندیکردندا لەبەرچاو بگیرێن. بەکارهێنانی پەرژینە زمانیەکان بەپێی لایەنی ئاکار دەبێتە دوو بەش، ئەوانیش:

1-2-5-1 بەکارهێنانی پەرژینە زمانیەکان وەک ستراتیژییەکی ئاکاری نەرێنی:

ستراتیژییەکی ئاکاری نەرێنی لەسەر بنەمای قسەکردنی هەماهەنگ و ڕەفتاری ڕاستەوخۆیە، ئاخێوەر ڕستەی درێژ، یان دەربڕین بەکارناهێنێت، تەنها داواکاریی، یان فەرمان بەکارناهێنێت. ئاخێوەر بەبێ ئاکاری مامەڵە دەکات، چونکە بارودۆخەکە توانای ئەوەیان پێدەدات. ئەم دیاردەیە بە ئاگادارییەکان ناسراوە، کاتێک دەرفەتێک بۆ بیرکردنەوە نییە. فەرمانە کورتەکان (بۆ نموونە ئاگاداربە!) ئاماژەن بۆ پلەوپلەیەکی بەرزتر لە گوێگر، یان کەسەکان ئاشنای یەکتر بن، (هۆلمز) دەڵێت: پەرژینە زمانیەکان وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ئاکاری نەرێنی سەیر دەکرێن (Holmes,1995:77)، بۆ نموونە:

1- پێم سەیرە، تۆ بە هەڵە لە یاسای باری کەسی تێگەیشتوویت.

2-ئاگاداربە، ئەگەر ئەمجارە لەسەر مادەی هۆشبەر بگیرێیت، سزاکەت قورستر دەبێت.

بەکارهێنانی دەربڕینی پەرژینە زمانیەکان لە نموونەکانی سەرەوەدا پاڵنەرە بۆ ئەوەی داواکاریی نەخوازراو و بە زۆر نەخرێتە سەر گوێگر.

2-2-5-1 بەکارهێنانی پەرژینە زمانیەکان وەک ستراتیژییەکی ئاکاری ئەرێنی:

هەندێک لە زانایانی وەک (ئایجمێر) دەڵێت: سەرنج لە دۆخی پەیوەندیکردندا لەسەر پەیوەندیی نێوان ئاخێوەر و بیسەرە.(Aijmer,2021:15).(براون و لیڤینسۆن) دەڵێن: یەکێک لە ڕێگاکانی ئاماژەدان بە دەربڕینی ئەرێنی، ئەو ڕاستییەیە، گەیاندنی خواستەکانی مرۆڤ خۆی (یان هەندێکیان) لە هەندێک ڕووەوە هاوشێوەی خواستەکانی گوێگرن،. ئەم ستراتیژەی پەرژینە زمانیەکان ئەوە دەگەیەنێت، ئاخێوەر بۆچوونەکەی بە شێوەیەکی دەردەبڕێت، ڕاستەوخۆ نەبێت " بۆ ئەوەی بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ گوێگر دژ نەبێت، بەڵکو ڕێکەوتنێک لە نێوان بۆچوونی هەردوو لا هەبێت ( Brown & Levinson,1987:101)، وەک لەم نموونەیەدا:

1- بەجۆرێک، یاساکان دارێژاون کەسانی ئاسایی تێیان ناگات

بەکارهێنانی پەرژینە زمانیەکان لەم نموونەی سەرەوەدا ئەوە دەردەخات، ئاخێوەر خۆی لە گەیاندنی بۆچوونەکەی بەشێوەیەکی ورد دەدزێتەوە، لە کاتی تێگەیشتن لە بۆچوونی ئاخێوەردا بەدوای بیسەردا دەگەڕێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی نێرەر بەدوای ڕێککەوتندا بگەڕێت، بە نەدانی لێدوانێک ئاماژەیە بۆ دەربڕینی بێ ڕێزی. لەم نمونەیەی سەرەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت ئاخێوەر بە دەرکردنی یاسای جێندەری ڕازی نییە.

6-1 جۆرەکانی پەرژینە زمانیەکان

(هایلاند)(Hyland,2000:156) (سکێڵتۆن)(Skelton,1988:22) (مایرێس)(Myers,1989) هاوڕان لەسەر ئەوەی دەتوانرێت کاریگەریی گوتاری ئاخێوەر بە ڕێگە و شێوازی جیاواز دەردەبڕدرێت، بە بەکارهێنانی ستراتیژی جۆراوجۆر زمانی و نازمانی. پەرژینە زمانیەکان بە بۆچوونی شارەزایانی بواری زمان، بۆ پەرژینە زمانیەکانی(ناوەرۆک و نووسەر خوێنەر) پۆلێندەکرێت.

1-6-1 پەرژینە زمانیەکانی ئاراستەکراوی ناوەرۆک:

ئاخێوەر بیروبۆچوونەکانی بە شێوەیەک دەخاتە لەگەڵ کەتوار و بارودۆخدا بگونجێت، ئاخێوەر بۆ خستنەڕووی بیروبۆچوونەکانی پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی پەرژینە زمانیەکان، تاوەکو لە کاردانەوەی کەسانیتر بە دوور بێت (Hassan & Khairy,2020:64). پەرژینە زمانیەکانی ئاراستەکراوی ناوەرۆک دەبێتە دوو جۆر ئەوانیش:

1-1-6-1 پەرژینە زمانیەکانی ئاراستەکراوی وردیی:

ئەم جۆرە خواستی نووسەر لەخۆدەگرێت، بەوردیی بیروبۆچونەکانی بخاتەڕوو. لێرەدا پەرژینە زمانیەکان ئامرازێکی گرنگە بۆ باسکردنی تێروانینە نادیارەکان. ئەرکی سەرەکیی پەرژینە زمانیەکانی وردبینی ئەوەیە، لێدوانەکان لەسەر بنەمای گریمانەی بێت. خوێنەران دەتوانن جیاوازیی لەنێوان ئەوەی ڕاستەقینەیە و ئەوەی تەنها دەرئەنجامە بکەن، بۆ نموونە:

1- لەوانەیە، بڕیارەکانی دادگا بە دڵی ئێمە نەبێت.

2- ئەو زمانەی دادوەرکە بەکاریهێناوە، کەمێک جیاوازە.

3- پێدەچێت، ئەمساڵ یاسای باری کەسی هەمواربکرێتەوە.

4- ڕەنگە، تاوانبارەکە دان بە تاوانەکەیدا نەنێت.

بەکارهێنانی (لەوانەیە، کەمێک، پێدەچێت، ڕەنگە...) لە نموونەکانی سەرەوەدا، ئاماژەیە بۆ نادڵنیایی ئاخێوەران، سەبارەت بە لێدوانەکانیان. بە مەبەست لەلایەن ئاخێوەران بەکاردەهێنرێت، بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕەخنەی خوێنەران.

پەرژینە زمانیەکانی ئاراستەکراوی وردبینی بۆ (پەرژینە زمانییەکانی ئاراستەکراوی ناوەرۆک و پەرژینە زمانیەکانی تایبەتمەندی و متمانەپێکردن) پۆلێندەکرێت.

یەکەم: پەرژینە زمانیەکانی تایبەتمەندیی:

ڕۆڵی سەرەکیی ئەم پەرژینە زمانیانە بریتییە: لە دیاریکردنی زاراوەیەک، تا چەند ئەو زاراوەیە بە وردی باسی دیاردەیەک دەکات. پەرژینە زمانیەکانی تایبەتمەندی دەکەونە ناو دابەزێنەرەکان، نیشانەی ناڕوونی بە مەبەست و چڕکەرەوەکان (Livytska, 2019:44).

– دابەزێنەرەکان: ئەم جۆرەی پەرژینە زمانیانە ناسەپێنراون. ئەمانە بە دەربڕینەکانی وەک: تەنها، لە ئەگەری، کەمێک، تارادەیەک، چەند، بەڵکو، بەدەگمەن، زۆر کەم، ژمارەیەک...هتد، وەک: دابەزێنەرەکان ناوی دەبەن. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ (Boginskaya, 2022: 656) وەک لە نموونەدا

1- یاساکە تەنها چەند کێشەیەکی کەم و بێبایەخ دەوروژێنێت.

2- کەمێک، یاساکان ناڕوونن.

– نیشانەکانی ناڕوونی بە مەبەست:

نیشانەکانی ناڕوونی بە مەبەست بە نیشانەی پراگماتیکیەکانی وەک: جۆرێک، کەم، یان زۆر، بە جۆرێک...هتد، نزیککەرەوەکانی چەندایەتی، کات، وەک بەشێوەیەکی سەرەکیی, بەگشتی، نوێنەرایەتی دەکرێن، زۆر، زۆرجار، بەزۆری، بە نزیکەیی...هتد. ئامانجی سەرەکیی ئەم جۆرە نیشاندەرانە، بریتییە: لە گۆڕینی کردەوەیەکی هەرەشەئامێز بۆ شێوازێک، ڕوونیی گوتارێک کەمبکاتەوە،

1- زۆرجار، ئەو بڕیارانەی دەردەچێت تانەی لێ دەدرێت.

2- بە جۆرێک، یاساکان داڕێژراون، کەسانی ئاسایی تێناگەن.

3-بە نزیکەیی، تاوانە زمانییەکان بۆ لە سەدا (40) بەرزبوونەتەوە.

- چڕکەرەوەکان:

چڕکەرەوەکان بریتین لە وشە، یان دەستەواژەی بۆ ڕوونکردنەوەی واتا، یان کاریگەریی گوتارێک بەکاردەهێنرێت. (لاکۆف) دەڵێت: ژنان زیاتر چڕکەرەوە بە بەراورد بە پیاوان بەکاردەهێنن، ئەو ئەم شێوە زمانیە بۆ فاکتەری کۆمەڵایەتی و کلتووری دەگەڕێنێتەوە. بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە زمانیە دەتوانن (سۆز، یان هەڵوێستێکی بەهێز) لەسەر بابەتێک بگەیەنن. چڕکەرەوەکان وەک شێوازێک بۆ جەختکردنەوە و کاریگەریی لێدوانەکانیان بەکاربهێنرێن. ئەم گروپە هەندێک دەربڕینی وەک زۆر سەرنجڕاکێش، توخمە سەرەکییەکان، سەرنج زیادکردن، کاریگەریی ئەگەری، ڕۆڵی گرنگ، ئامرازێکی بەسوود، بەتایبەت متمانەپێکراو،...هتد لەخۆدەگرێت. واتە بەکارهێنانی هەندێک دەربڕینی جەختکەرەوە کە (هایلاند) ناوی دەنێت "چڕکەرەوەکان"، بۆ ڕازیکردنی خوێنەرانە. لە هەمانکاتدا دەتوانرێت ئەم دەربڕینانە وەک ئاکاری ئەرێنی هەژمار بکرێن، چونکە نووسەر بەو شێوەیە بیروبۆچونەکانی دەخاتەڕوو، کە لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە هاوهەڵوێست. (Adi, et al,2024:165).

1- بەتەواوی ڕوونە، قوتابیان لە سزاکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان بێئاگان.

2- لە ڕادەبەدەر، پارێزەران یارمەتیی دادخوازانیان داوە.

دووەم: پەرژینە زمانییەکانی متمانەپێکردن:

نووسەران هەوڵدەدەن متمانەی خوێنەر بە دەستبهێنن، دان بە نادڵنیایی بابەتییەکاندا بنێن، پاڵنەرە سەرەکییەکە، ڕوونکردنەوەی دۆخی زانیارییە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەم پەرژینە زمانیانەوە گوزارشتی لێدەکرێت، وەکو (دەتوانێت، لەوانەبوو، وادیارە، ڕەنگە، پێشنیارکردن، ئەگەری هەیە، وا دەردەکەوێت. خواستێک هەیە...هتد (Wudaa,2011:5).

1- خواستێک هەیە، بڕیاری لێبوردنی گشتیی بدرێت.

2- ئەگەری ئەوە هەیە، لە پەرلەمانی کوردستاندا بەرهەڵستی یاسای جێندەری بکرێت.

3- بەشێک لە پەرلەمانتاران پێشنیاری هەموارکردنەوەی باری کەسێتیی عێراقی دەکەن.

4- ڕەنگە، یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەم خولەی پەرلەماندا دەربچێت.

5- پێشنیاری، هەموارکردنەی یاسای فرەژنی دەکرێت.

1-6-2: پەرژینە زمانیەکانی ئاراستەکراوی نووسەر:

بە پابەندنەبوونی نووسەرە بە ڕاستی ئەو بیروبۆچوونەی دەریدەبڕێت، بە واتایەکیتر پەرژینە زمانیەکان دەبێتە هۆکارێک تا نووسەر ئەرکی بەرپرسیارەتی بۆچونێک بە تەواوی لە ئەستۆ نەگرێت (Hassan & Khairy,2020:65).

1- پێدەچێت، هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی مافی منداڵان، پشتگوێخرا بێت.

2- وا دەردەکەوێت، جێبەجێکردنی یاسای دەستەی دەستپاکیی لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوە ڕێگری لێ بکرێت.

3- دەوترێت، سەرۆکی دادگا، دەستوەردان لەکاری دادوەرەکان دەکات.

لە کاتی بەکارهێنانی بنیاتنانە چالاکیە ناکەسییەکان، بەزۆریی بابەتەکە بە هەندێک بوونێکی مرۆیی دەگۆڕدرێت، وەک دۆزینەوەکان، ئەنجامەکان، زانیاریەکان، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا:

1- ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەم ساڵ تۆندوتیژی دژی ژنان زیادیان کردووە.

1-6-3: پەرژینە زمانیەکانی ئاراستەکراوی خوێنەر:

نووسەران ئاماژە بەوە دەکەن، لە بیروبۆچوونەکانیاندا ڕەچاوی دیدگای خوێنەرانیان کردووە، بیروبۆچوونی پێچەوانەش لە بەرچاو دەگرن، بەمشێوەیە نووسەر هۆشیاریی دەربارەی بابەتەکە بۆ تاکەکان دەردەبڕێت. (ibid:65). جگە لەمەش (کۆتزەر) سەرنج دەخاتەسەر ڕۆڵی خوێنەر و دەڵێت: خواستی نووسەر تەنها گەیاندنی پەیامەکانی نییە، بەڵکو خوێنەرانیش بە پەیامەکانی نووسەر ڕازی بن (Hassan:235).

1- ئێمە دەزانین، ئەو تاوانانەی ئەنجامدەدرێن، بەشێکی پەیوەندیی بە تۆڕە کۆمەڵایتییەکانەوە هەیە.

2- پێم وابوو، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژی ژنان تاوانەکان کەمدەکاتەوە.

3- بە تێڕوانینی من، کۆمەڵگە پێویستی بە هۆشیاری یاسایی هەیە.

4- من باوەڕم وایە، بەڵگەی پێویستم بۆ پشتگیریکردنی ئەو هەڵوێستە هێناوە.

## 2:پەرژینە زمانیەکان لە دەقە دادوەرییەکاندا

### 2-1 پێشینەی زمانەوانیی دادوەری

زمانەوانی دادوەری لقێکە لە لقەکانی زمانەوانیی کارەکی، لەو زانیاری و داتا زمانیانە دەکۆڵێتەوە و شیدەکاتەوە، کە لەگەڵ ڕوودانی تاوانەکە دێن، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ناسنامەی تاوانبار، تۆمەتبار. پەیوەندیی زمان و یاسا، تێکچڕژانی نێوان زمان و تاوانە. زمانەوانیی دادوەری بوارێکی دۆزینەوەی ئەم دواییە نییە. بۆ یەکەمجار لەلایەن زمانناسێکی سویدی (جان سڤارتیک)ەوە لە ساڵانی شەستەکاندا ناسێنراوە، لە بواری زمانەوانیی دادوەری توێژەران و لێکۆڵەرەوان لە نزیکەوە لەو زمانە دەکۆڵنەوە، کە لە لێدوانی نووسراودا بۆ ئاشکراکردنی واتا شاراوەکان بەکاردەهێنرێت، دیاریکردنی شێوازەکانی فریودان و بەدەستهێنانی زانیاری بۆ لێکۆڵەر. یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی ئەم شیکردنەوەیە بریتییە لە ناسینەوە و لێکدانەوەی زمانی بۆ ئەو وشە و دەستەواژانەی تەمومژی واتا دەردەبڕن ( Houtman & Ali, 2018:215).

### 2-2 پەرژینە زمانیەکان لە زمانەوانیی دادوەریدا

زمانناسانی دادوەری لە ڕێگەی زمانەوە شیکردنەوەی گوتار بۆ دۆسیەکانی تاوان دەکەن، بۆ دەرخستنی واتا شاراوە و تەمومژاوییەکان، بە مەبەستی دیاریکردن و ئاشکراکردن و بەکارهێنانی شێوازەکانی پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزی و ڕێگەکانی فریودان، بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان لەلایەن تۆمەتبار و تاوانبار و گەواهیدەران، ستەملێکراوان، بەمەبەستی بەلارێدا بردنی ئەنجامی تاوانەکە و نەگرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی و خودپارێزی.

### 2-3 پەرژینە زمانیەکان لە دەقە دادوەریەکاندا1

بۆ یەکلایکردنەوەی دۆسییەکی تاوان، دەتوانین لە ڕێگەی زمانەوە زۆر شت دەربارەی بڕوا و متمانەی گەواهیدەرێک، یان ئەو بەڵگانەی پێشکەش دەکرێن ئاشکرابکەین. کە تێدا پەنا براوەتە بەر بەکارهێنانی شێوازەکانی پەرژینە زمانیەکان لە دۆسییەکی تاواندا، شێوازەکانی پەرژینە زمانیەکان کاریگەریی لەسەر بڕوا و متمانەی دەستەی سوێندخواردن بۆ دڵنیایی وتەکان دەبێت. شێوازەکانی پەرژینە زمانیەکان لە زمانەوانیی دادوەریدا کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر دۆسییەکانی تاوان هەیە. بە تایبەتی خستنەڕووی زانیاری بۆ پارێزەران بە مەبەستی ئاشناکردنیانە بەم بوارە، بۆیە دەبێت پارێزەران بۆ تێگەیشتن لە شێوە و ڕێگەکانی پەرژینە زمانیەکان لە لێدوانی تۆمەتبار و تاوانبار، گەواهیدەرەکان و بەڵگە بەردەستەکان ڕابهێنرێن، پارێزەران دەتوانن نموونەکانی پەرژینە زمانیەکان بۆ ڕاستی و دروستی وتە دژ بەیەک و پێچەوانەکان بەکاربهێنن. لێرەدا باسی پەرژینە زمانیەکان لە دەقە دادوەرییەکان دەکەین.

1-لێدوانی گەواهیدەر: لەم حاڵەتانەی وتەی گەواهیدەر و شیکردنەوە لێدوانی گەواهیدەرەکان زۆر گرنگە، شیکردنەوەی

---

1 توێژەر بۆ بابەتەکانی پەرژینە زمانیەکان لە دەقە دادوەریەکاندا پەرژینە زمانیەکان لە شیکردنەوەی گوتاری دەقە دادوەریەکاندا، چاوپێکەوتنی لەگەڵ پارێزەران (هەڵەز عیماد مەجید و بڵێسە سەرهەد عەزیز) لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر ڕێککەوتی (2024/6/10) ئەنجامداوە. توێژەریش لە (6) دانیشتنی دۆسیەی لێکۆڵینەوەی تاوان لە دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر ئامادەبووە.

شێوازەکانی بەکارهێنانی پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزی لەلایەن گەواهیدەرانەوە، کە ئاماژەدانە بە گومان، کاریگەریی لەسەر ڕاستی و دروستی وتەکانییان لەلای دەستەی سوێندخواردن دەبێت.

2-کاریگەریی پەرژینە زمانیەکان لەسەر بڕیارداندا: دەستەی سوێندخواردن دەتوانن لێدوانەکان وەک نەبوونی بڕوا و متمانە، یان نادڵنیایی لێکبدەنەوە، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە کاریگەریی لەسەر بڕوا و متمانەی بەڵگەکان دەبێت، بە تایبەتی ئەو لێدوانانەی کە جەختکردنەوەیان تێدا نییە. خودپارێزی و پەرژینە زمانیەکان دەستەی سوێندخواردن بەرەو بێتاوان، یان سزادان بجوڵێنێت، بۆ نموونە ئەگەر گەواهیدەرانی بەرگری لە لێدوانەکانیاندا خودپارێزی و پەرژینە زمانیەکان بەکاربهێنن، دەستەی سوێندخواردن ئەمە وەک نەبوونی بەڵگەی پشتگیری لە بێتاوانی تۆمەتبار بکات.

3-بەکارهێنانی پەرژینە زمانیەکان لەلایەن پارێزەرانەوە: پارێزەرانی بەرگری، تیشک دەخەنەسەر پەرژینە زمانیەکان لە بەڵگەکان بۆ دروستکردنی گومان، یان جەخت لەسەر بەشێک لە بەڵگەکان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاراستەی دادگاییکردنەکەیاندا بگونجێت، لێدوانەکانیان بەپێی پێویست ڕێکبخەن، بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەریی ڕازیکردنیان هەبێت. بۆ نموونە پارێزەری بەرگریکار دەتوانێت خودپارێزی بۆ پێشنیارکردنی نەبوونی بەڵگەی یەکلاکەرەوە بەکاربهێنێت.

2-4 پەرژینە زمانیەکان لە شیکردنەوەی دەقە دادوەریەکاندا

ئاخێوەران پەرژینە زمانیەکانیان بە مەبەست بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی خۆیان لە ناوەرۆکی بابەتەکە دووربخەنەوە، پەیوەست بە ڕەتکردنەوەی پابەندیی ڕاستیەکان نەبن، ئەمەش وەک هەنگاوێکی نەرێنی، هەوڵێکی ئامانجدار، بە نیشانەی فێڵکردن سەیردەکرێت. شیکردنەوەی گوتاری گومانلێکراوەکان/ قوربانییەکان/ گەواهیدەرەکان، کە بەڵگەکانیان لە ڕاستی ڕووداوەکانەوە دوورن، ئەویش بەهۆی ئەوەی پەرژینە زمانیەکانیان لە وتەکانیاندا بەکارهێناوە.

2-5 پەرژینە زمانیەکان وەک نیشانەی گومان و فریودان

1-گومان: بەکارهێنانی ستراتیژی پەرژینە زمانیەکان وەک کرداری مۆداڵی، ئاوەڵکار، ئاماژەیە بۆ ئاستی متمانە، یان دڵنیایی دادخواز/ تۆمەتبار/ گەواهیدەر، سەبارەت بەو زانیاریانەی پێشکەش دەکرێن. زیادبوونی پەرژینە زمانیەکان دەتوانێت ئەوە پیشانبدات، دادخواز/ تۆمەتبار/ گەواهیدەر دڵنیا نییە، یان ئاگاداری دژە ئارگیومێنتە ئەگەرییەکانە بۆ وتەکانییان.

2-نەگرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی تاوانەکە:

پەرژینە زمانیەکان ڕێگە دادخواز/ تۆمەتبار/ گەواهیدەر دەدات، خۆیان لە لێدوانی ڕاستەوخۆ دووربخەنەوە. ئەم دوورکەوتنەوەیە ئاماژەیە بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی تەواو، یان لێپرسینەوە لە ناوەرۆکی نووسراوەکە، هەوڵدان بۆ تەمومژاویکردنی ڕاستییەکان.

3-جیاوازیی و ناتەبایی لە زانیارییەکاندا:

لە کاتی وەرگرتنی لێدوان لە تاوانبار، یان تۆمەتباردا، زانیارییەکانیان دەگۆڕن، یان لەلایەن کەسانێکەوە ئاراستە دەکرێن، لێدوانەکانیان بگۆڕن، بە پاساوی خراپی باری دەروونی و ئاگا لەخۆ نەبوون و هەرەشە، بۆیە تاکەکە بەتەواوی پابەندیی پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزی دەبێت.

2-6 تەکنیکی (SCAN)بۆ شیکردنەی دەقە دادوەرییەکان

بۆ بەدیهێنانی شیکردنەوەی گوتار لە دەقەکانی زمانەوانیی دادوەری، یەکێک لە شێوازەکان سکانکردنە. میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆکی زانستییە (Scientific Content Analysis method)، تەکنیکێکی شیکارییە لەلایەن (ئەڤینۆام ساپیر)، پشکنەری پێشووی پۆلیگرافی ئیسرائیلی، پەرەی پێدراوە، لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆی لەگەڵ پشکنەرانی پۆلیگراف. ساپیر بە بیرکردنەوە لە جیاوازیی زمانی ئەو کەسانەی ڕاستییەکان دەڵێن و/یان ئەوانەی درۆ دەکەن، بەکاریدەهێنن، پێوەرێکی داڕشت، بە گوتەی ئەو یارمەتیدەرە لە جیاکردنەوەی لێدوانی ڕاست و هەڵبەستراو. شێوازی (SCAN). ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرنج دەخاتەسەر یەکێک لە پێوەرەکانی(SCAN)، پشتگیری لە لێکۆڵینەوەی تاواندا دەکات. لە شیکردنەوەی گوتاری زمانەوانیی دادوەریدا بەکارهێنانی دوورکەوتنەوە و خودپارێزی، کە پەیوەندیی بە ڕەتکردنەوەی پابەندبوون بە ڕاستییەوە هەیە، وەک 'جووڵەیەکی گوماناوی و هەوڵێکی ئامانجدار بۆ فریودان سەیردەکرێت. لە خشتەی

(1) دا ئێمە تێڕوانیی (ئەڤینۆام ساپیر) بواری شیکردنەوەی گوتار لە دەقەکانی زمانەوانیی دادوەری لە ڕێگەی شێوازی (SCAN) دەخەینەڕوو (MILENKOVIĆ, B, 2021:171).

خشتەی (1) تێڕوانیی (ئەڤینۆام ساپیر) بۆ شیکردنەوەی گوتار لە دەقی دادوەریدا

| | |
|---|---|
| پابەندنەبوون بە ناوەرۆک لە شیکردنەوە دەقی دادوەریدا | |
| پابەندنەبوون بە ناوەرۆکەوە | بەکارهێنانی کەس یان کات جگە لە کەسی یەکەمی تاک + ئاماژەی کاتی ڕابردوو<br>بۆ نموونە. کاتژمێر ٥ گەیشتمە ئەوێ. لە سەیارەکە دادەبەزم و دەبینم، کە لە من دەترسێت. |
| بەکارهێنانی بکەرنادیار | بەکارهێنانی بکەرنادیار /کردەوەکە پشتڕاست دەکاتەوە<br>بۆ نموونە. پاشان گوێم لە تەقەکە بوو. لە دوورەوە گوێم لە تەقەیەکە بوو.<br>پاشان دەنگی تەقەیەک بیسترا. لە دوورەوە دەنگی تەقەیەک بیسترا. |
| وشە/دەربڕین بۆ پەرژینە زمانییەکان و پابەندنەبوون خودپارێزی | ئاماژەکردن، مەزندەکردن، گریمانەکردن، پێشنیارکردن، خەملاندن، مەیلکردن، بیرکردنەوە، گفتوگۆکردن، وا وتن، خستنەڕووی (ئاوەڵناو، ناو، ئاوەڵکار)، ناکردن. |

1- پابەندنەبوون بە ناوەرۆک:

ئاماژەدان بە دەقە دادوەرییەکاندا لەسەر بنەمای بیرهێنانەوەی بیرەوەری کورتخایەن/درێژخایەنی بابەتەکە دامەزراوە. وەرگرتنی زانیاری وەک چاوپێکەوتنێکی باو لەلایەن بەرپرسانی پۆلیسەوە ئەنجامدەدرێت، ئامانجی بەدەستهێنانی زۆرترین زانیارییە. لە ڕووی بابەتی زمانیەوە، ئاماژەدان بە کاتی ڕابردوو لە دەقەکەدا (کەسی یەکەمی تاک + ئاماژەی کاتی ڕابردوو) بە پێی بۆچوونی (ساپیر) دەڵێت: هەر لادانێک لە کەسی یەکەمی تاک چاوەڕوانکراوە و بە ئاماژەدان بە ڕابردوو، بۆیە ئەمەش بە فێڵ دادەنرێت. هەر گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە کاتی ڕابردوودا بە تۆمەتێک دادەنرێت. لادان لە بنەمانی چەندیەتی و چۆنیەتی، پەیوەندیی خستنەڕووی زانیارییەکان بە شێوازێک و پەنابردن بۆ پەرژینە زمانییەکانی (چەندیەتی و چۆنیەتی، پەیوەندیی شێوازی خستنەڕووی زانیارییەکان، بە لادان و خودپارێزی و فێڵکردن و تەمومژاوی واتای بابەتەکە دادەنرێت.

2- بەکارهێنانی بکەرنادیار:

ئەم بابەتە ڕێزمانییە پێکهاتەیەکی ڕستەسازی باو و ئاساییە چ لە گوتاری زارەکی و چ لە گوتاری نووسراودا. پێکهاتەی بکەرنادیار بە ڕوونی بابەتەکە وەک بریکاری کردارەکە گریمانە دەکرێت، و هەر بۆیە بەڕوونی پابەندبوونی بابەتەکە بە ناوەرۆکەوە (واتە کردار) پیشاندەدات. لە شیکردنەوەی گوتاری دادوەریدا بۆ دەقەکان، بەکارهێنانی بکەرنادیار پێشەنگە بۆ فریودان ، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە.

3- وشە/دەربڕینەکانی پابەندنەبوون و خودپارێزیی:

لە کاتی وەرگرتن و شیکردنەوەی دەقەکان تۆمەتبار و تاوانباری، گەواهیدەران. پابەندی ناوەرۆک نابن، بەکارهێنانی وشەکانی وەکو (پێموایە، وای دەبینم، پێموایە، گومانم هەیە، ئەگەر بیرم بێتەوە/بیرم بێت...)، یان وشە/دەربڕینەکان (بە نزیکەیی، بە تەواوی نا، بە دەگمەن...) و وشە و دەربڕینەکانی تری هاوواتای. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەبەستێکی ڕوونی بۆ فریودان و خودپارێزی هەیە (ibid:172). لە خودپارێزی و نەگرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی (تۆمەتبار و تاوانبار، گەواهیدەران) لە وتەکانیاندا پەرژینە زمانیەکانی (چەندیەتی و چۆنیەتی و شێواز و پەیوەست بوون

بەکاردەهێنن. ئەمەش پێچەوانەی پابەندنەبوونە بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە.

1-3 پەرژینە زمانییەکانی چۆنیەتی:

ئاخێوەر لە زانیاریەکانی دڵنیا نییە، لەوەی ئایا ئەو زانیاریانەی هەیەتی ڕاستن یان نا. بەمشێوەیە دەستەواژەیەک زیاد دەکات، بۆ ئەوەی بیسەر ئاگاداربکاتەوە، هیچ بەرپرسیارێتییەکی زانیارییەکانی لە ئەستۆ ناگرێت. هەندێکجار ئاخێوەر بە مەبەست زانیارییەکان نادات، بەمشێوەیە بیسەر ناتوانێت وەک بەڵگەیەکی ڕاست وەریبگرێت. لەلایەکیترەوە (تۆمەتبار و تاوانبار، گەواهیدەران) بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت تاوانەکەی نەکردووە یان تاوانەکەی بخاتە ئەستۆی کەسی تۆمەتبار ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات، بۆ ئەوەی بروا و متمانە بەدەست بێنێت.

4-3 پەرژینە زمانییەکانی چەندیەتی:

ئاخێوەر هەموو زانیارییەکان ناڵێت، بەڵکو سنوورێک بۆ زانیارییەکانی دادەنێت، بۆ ئەوەی بڵێت زانیاریی پێویستی سەبارەت بەو بابەتە نییە، کە باس دەکرێت.

5-3 پەرژینە زمانییەکانی پەیوەست:

ئاخێوەر چەند زانیارییەک دەدرکێنێت، هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، هەولی گونجاندنی زانیاریەکانی لەگەڵ بابەتە سەرەکیەکەدا دەدات. لە کاتی لێکۆلینەوە لەگەڵ تۆمەتبار و تاوانبار گەواهیدەران بەشێک لە زانیارییەکان پەیوەست نییە بە بابەتەکەوە، ئەمەش بۆ بەلارێدابردنی بابەتەکەیە.

6-3 پەرژینە زمانییەکانی لە شێوازدا:

ئەو زانیاریی و بەڵگانەی دەخرێنەڕوو، پێویستە بە ڕوونی دەرببڕێن، بەڵام بۆ نەگرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی، ئاخێوەر هەوڵدەدات زانیاریەکانی بە شێوەیەک پێشکەش بکات، کە شێوازێکی تەمومژاوی لە واتادا هەبێت. بگەڕێوە بۆ (Helmi,2022).

شیکردنەوەی دەق دادوەرییەکان

لە شیکردنەوە دەقەکانمان لەڕووی پابەنەندبوون بە ناوەڕۆکی بابەتەکە و لایەنی ئاماژەکردن بە بکەرنادیار کردووە، ئینجا خودپارێزیی لە دەقەکاندا دەستنیشان دەکەین، دەقە دادوەریەکان سەرەرای ئەوەی هەڵەی ڕێنووس و خاڵبەندی تێدایە، بەڵام توێژەر دەقەکانی وەکو خۆی داناوەتەوە.

نموونەی ژمارە (1)لەدەقی دادوەریدا

وتەی دادخواز

((من سکاڵام لە مێردەکەم بە ناوی (غ) بیست ساڵە شووم پێکردووە، خاوەنی پێنج منداڵم لە ناوبراو کە دوو کور سێ کچ ، باری ئابوریم خراپە و مندالەکانم لە زانکۆن، منیش کرێچیم ئەوەی شایەنی باسە مێردەکەم هەڵساوە بەهێنانی ژنی دووەم بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی من دواتر منی لەگەڵ منداڵەکانم جێ هێشتووە کە ماوەی چوار (4)) ڕۆژە هەولی ئەوە دەدات لەگەڵ ژنی دووەمی رابکات بۆ وڵاتی ئێران وە پێشتر زێرەکانی منی بە خورتی لە من فرۆشتووە کە پارەی زۆری لەم ئافرەتە خەرج کردووە من لە ماڵ کارم دەکەم و هەموو پارەکانی لەمن وەردەگرت ئێستا هیچ مەسروفێکمان نیە هیچ بایەخ بە من و مندالەکانم نادات من شاهیدم هەیە من بەڵگە و وێنەم هەیە و هەرەشەی تەڵاق دانم دەکات، و هەرەشەی کوشتنم لە من و لە ماڵی باوکم دەکات، مێردەکەشم پۆلیسە)).

وتەی تۆمەتبار

((سەبارەت بە خیانەتکردن لە خێزانەکەم بەهیچ شێوەیەک خیانەتم نەکردووە و ئێمە لەگەڵ خێزانەکەم ماوەیەکی زۆرە کێشەمان هەیە چارەسەر نەکراوە بۆیە پێم راگەیاند کە ژن دەهێنم بۆیە لە (10/ 2018/7) گرێبەستی هاوسەرگیریم لە دادگەی (م) لەگەڵ هاوسەرم بە ناوی ( ب) بە پیشەکە 50 مسقال و پاشەکە 50 مسقال عەیار 21 کە ماوەی مانگێکە بە مەلا مارەمکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەمگواستۆتەوە ئەو زێرەکەش خێزانم لێم خۆشبووە تەنها نوسراون وە هیچم بۆ نەکردووە چونکە ئیمکانیەتم نییە وە سەبارەت بە فرۆشتنی زێری خێزانەکەم لە ڕاستیدا وتەی خێزانەکەم

راست نییە، چونکە ماوەیەک نزیکەی یەک ساڵ زیاترە لە تازیەی دایکی وتی زێڕەکەم دزراوە منیش هاتمە بنکەی پۆلیسی (ش) و سکاڵام تۆمار کرد، ئەگەر زێری تری هەبێت نەمزانیووە چونکە زێری تری نەبووە هەر ئەو بەرپرسە بوو و بۆ خۆی فرۆشتویەتی بۆ ناو ماڵ بەهیچ شێوەیەک من زێرم بە زۆرەملی وەرنەگرتووە، خۆم و خێزانم ئافرەتێکی زەحمەت بووە لە هەلسوکەوت زۆر توندوتیژ بووە هەردەم کێشەمان هەبووە بەڵام من زۆر بە هێمنی سەبری هەلس و کەوتم کردووە بۆیە خیانەت و زێر فرۆشتنوو توندوتیژی ڕەت دەکەمەوە ئەنجامم نەداوە، ئەمە وتەکانمە و پێشتر حوکم نەدراوم)).

- شیکردنەوەی دەقەکە لەڕووی پابەندنەبوون بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە

1-پابەندنەبوون بە بری زانیاری ناوەرۆکی بابەتەکە: (وتەی دادخواز) لادانە لە پابەندبوون بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە، واتا بری ئەو زانیارییانەی کە پێویستبوو بیگەیەنێت، زانیاری زیادەی تری درکاندووە، پێشێلی بنەمای چەندیەتی کردووە، بۆ نموونە ئاماژەبەوە دەکات کە (بیست ساڵە شووی بە مێردەکەی کردووە، باری ئابوریم خراپە و منداڵەکانم لە زانکۆن، پارەی زۆری لەم ئافرەتە خەرج کردووە. (وتەی تۆمەتبار) لەڕووی ناوەرۆکی بابەتەوە ڕەچاوی بری چەندیەتی زانیارییەکانی نەکردووە، وەکو (ماوەیەکی زۆرە کێشەمان هەیە، چارەسەر نەکراوە، بۆیە پێم ڕاگەیاند کە ژن دەهێنم بۆیە لە (10/ 2018/7) گرێبەستی هاوسەرگیریم لە دادگەی مەخمور لەگەڵ هاوسەرم بە ناوی ( ب) بە پیشەکە (50) مسقال و پاشەکە (50) مسقال عەیار (21) کە ماوەی مانگێکە بە مەلا مارەمکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەمگواستۆتەوە ئەو زێرەکەش خێزانم لێم خۆشبووە تەنها نوسراون وە هیچم بۆ نەکردووە چونکە ئیمکانیەتم نییە، خۆم و خێزانم ئافرەتێکی زەحمەت بووە لە هەلسوکەوت زۆر توندوتیژ بووە هەردەم کێشەمان هەبووە، بەڵام من زۆر بە هێمنی سەبری هەلس و کەوتم کردووە.

2-پابەندنەبوون بە چۆنیەتی زانیارییەکانی بابەتەکە: خستنەڕووی بابەتەکان پێویستی بە بەڵگەی ڕاست و دروست هەیە، دادخواز بۆ ڕاستی سەلماندنی بابەتەکە ئاماژە بە بوونی بەڵگەی پێویست دەکات، کە دەڵێت: (من شاهیدم هەیە من بەڵگە و وێنەم هەیە)، بەڵام دەربارەی فرۆشتنی ئاڵتونەکان، جۆرێک لە فریودان و ناڕاستی لە زانیارییەکەی هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی (تۆمەتباریش) ئاماژە بەوە دەکات، (لە تازیەی دایکی وتی زێرەکەم دزراوە منیش هاتمە بنکەی پۆلیسیی (ش) و سکاڵام تۆمارکرد) وە هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئاڵتوونی بەزۆر لێ وەرگرتبێت، بەڵام بەڵگەش نییە کە دادخواز خۆی ئاڵتونەکەی فرۆشت بێت!.

3-پابەندنەبوون بە ڕێکخستنی زانیارییەکانی بابەتەکە: دادخواز جۆرێک لە نارێکی لە ڕێکخستنی بابەتەکان هەیە، ئایا ئەو سکاڵای لەسەر تۆمەتبار هەیە، کە هاوسەری دووەمی هێناوە و خیانەتی لێکردووە، یان بەزۆر ئاڵتوونەکانی لێ فرۆشتووە. درێژەدادری بە وتەی تۆمەتبارو تاوانبار دیارە.

4-پابەندنەبوون بە پەیوەستی زانیارییەکانی بابەتەکە: لە وتەی دادخواز و تۆمەتباردا دەردەکەوێت، هەندێک زانیاری هەن، پەیوەست نیی نبە بابەتەکەوە وەکو وتەی دادخواز (بە ناوی (غ) بیست ساڵە شووم پێکردووە، خاوەنی سێ کچ و کورم، وتەی (تۆمەتبار) (گرێبەستی هاوسەرگیریم لە دادگەی (م) لەگەڵ هاوسەرم بە ناوی (ب) بە پیشەکە (50) مسقال و پاشەکە (50) مسقال عەیار (21) کە ماوەی مانگێکە بە مەلا مارەمکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەم گواستۆتەوە ئەو زێرەکەش خێزانم لێم خۆشبووە تەنها نوسراون وە هیچم بۆ نەکردووە.

- پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزیی لە دەقی یەکەمدا: پێچەوانەی بنەماکانی پابەندبوون بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە، کە داوای زانیاری کورت و پوخت، ڕاستی زانیارییەکان...، دەکات، بە واتایەکیتر لێرەدا بنەمای پەیوەستبوون بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە دەبێتە پەرژینە زمانیەکان (چۆنیەتی و چەندیەتی و شێواز و پەیوەستی)، لێرەدا دادخواز و تۆمەتبار هەوڵدەدەن پەرپرسیاریەتی بخەنە سەر ئەوەیتر، بۆیە ڕوونکردنەوەی زیارتر دەدەن.

خشتەی ژمارە (2) پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزیی لە دەقی ژمارە یەک دا

| | |
|---|---|
| بیست ساڵە شووم پێکردووە، لەگەڵ ژنی دووەمی رابکات بۆ وڵاتی ئێران ، پێم راگەیاند، گرێبەستی هاوسەرگیریم لە دادگەی (م)، ماوەی مانگێکە، مێردەکەشم پۆلیسە، لە تازیەی دایکی وتی زێڕەکەم دزراوە، پێشتر حوکم نەدراوم. | ئاماژەکردن |
| نەمگواستۆتەوە، هیچ، هیچم بۆ نەکردووە، بەهیچ شێوەیەک، ڕەت دەکەمەوە، نەبووە، ئەنجامم نەداوە، نەمزانیووە، | بنیاتنانی نەرێنی |
| ئەگەر زێڕی تری، ماوەیەکی زۆرە، | گریمانەکردن |
| تەنها | لێدوانی مێتا زمانیەکان |
| مێردەکەم بە ناوی (غ)، بە ناوی ( ب)، سێ کچ و کورم، دایکی ، ماوەی چوار (4)) رۆژە ، بە خورتی، زۆر بە هێمنی، زەحمەت بووە، لە ڕاستیدا، پارەی زۆری، هەموو، بە زۆرەملی، دواتر، ، تاوەکو ئێستا، دووەم، ماوەی. | ئاوەڵناو و ناو ئاوەڵکار، وا وتن |
| نزیکەی | پلەی نزیکی |

نموونەی ژمارە (2) لەدەقی دادوەریدا

وتەی دادخواز

((ووتی من لەتەنیشت خانوی خۆم گەرەکی ٥ی حەسارۆک زەوییەکم هەیە ٢٥٠م٢ وە تۆمەتبار لەتەنیشت زەویەکە خانوی دروست کردووە ئەوەی پیسایی و پاشماوە بو, هێنایە ناو زەویەکە هەرچەندە سیاجمان کردبوو تێکیاندایە, وە داوامان لێکرد کە سیاجەکەمان بۆ دروست بکاتەوە بەڵام لاری کرد, وە هەندێک قومی لەناو زەوی ئێمە هەبوو داوامان کرد کە لای ببات وە پێم گۆت ئەگەر تاکو عەسر لای نەبەن خۆم لای دەبەم بەڵام لای نەبرد منیش بەمەجبوری پاشی عەسر شۆفەرم هینا ئەو قومەم لابرد, بەڵام پێش ئەوەی ئەو شۆفەرە کاربکات. تۆمەتبار بە ئۆتۆمبیلی خۆی گەیشت و دابەزی و بەمنی گوت (قحپە کچی قەحپە) وە بۆمن هات ئەو کات کە حملیشم هەبوو وە لەوکاتە منیش گۆتم سکاڵا تۆمار دەکەم ئەویش بێ منەت بوو ئێستاکەش سکاڵام دژی هەیە وە ئەمەش ووتەکانمە)).

وتەی تۆمەتبار

((گووتی: من کاتی دەستم بە خانی کردن کرد لە گەرەکی (ح) دادخواز پارچە زەوییەکیان لە تەنیشت خانوەکەی من هەبوو سیاجیان بۆ دروست کرد تاکو ڕێگربن لەوەی تاکو من کەلوپەلی لەسەر زەویەکەیان دانێم وە من کەل و پەل و شتەکانم پاش تەواوبوونی نهۆمی یەکەم بردە ژوورەوە وە تەنها چیمەنتۆم مابوو لەپشت سیاجی وانم دانابوو کە بینیم کەوا کیسە چیمەنتۆکانیان دڕاندبوو وە چیمەنتۆکەم لادە چوم بە مێردی دادخوازم گوت, ئەویش گوتی لەبەرئەوەی کە زەوی خۆیان خاوێن کردۆتەوە پەنجا هەزار دیناریان سەرف کردووە منیش ئەو پارەم پێیان داوە لەدوای ئەوەی کارەکانم تەواو کرد گەیشتمە ئەوەی کە دیوارەکان لبغ بکەم تەلەفۆنم بۆ مێردەکەی کرد وە گۆتم لەبەرئەوەی ئەو دیوارەی ئێوە ڕێگرە لە لبغ کردن تێک دەدەم لە دوای ئەوە بۆتان چاک دەکەمەوە وە ئەویش ڕەزامەندیدا بەڵام لەدوای ئەوە کە من ژنم مارەکرد لەبەرئەوەی تاخیر بووم لە چاککردنەوەی دیوارەکە وە ڕۆژێکیان وەستاکەم تەلەفۆنی کرد کەوا دادخواز ئەو قومەی لەسەر زەوی ئەوانم دانابوو نیازی هەیە فڕێی بدات وە کە چووم بینیم قومەکە خەسار کرابوو

من یاخەی سایەق شۆفەرم گرت وە لەو کاتەی کە دادخواز قسەی جنێوی بەمندا وە منیش ئەو قسانەی بەمنی گوت پێم گۆتەوە وە من پێشتر حوکم نەدراوم ئەوەش وتەکانمە)).

– شیکردنەوەی دەقەکە لەڕووی پابەندنەبوون بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە

1-پابەندنەبوون بە بری زانیاری ناوەڕۆکی بابەتەکە: (وتەی دادخواز تۆمەتبار) لادان لە پابەندبوون بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، زانیاری زیادەی تری درکاندووە، واتا لە ڕووی چەندەتی زانیارییەکان، پێشێلی بنەمای چەندیەتی کردووە، (ئەو کات کە حملیشم هەبوو، ئەویش گوتی لەبەرئەوەی کە زەوی خۆیان خاوێن کردۆتەوە پەنجا هەزار دیناریان سەرف کردووە، منیش ئەو پارەم پێیان داوە، لەدوای ئەوە کە من ژنم مارەکرد)

2-پابەندنەبوون بە چۆنیەتی زانیارییەکانی بابەتەکە: خستنەڕووی بابەتەکان پێویستی بە بەڵگەی ڕاست و دروست هەیە، کە دادخواز ئاماژەپێیداوە، دەڵێت: (منیش بەمەجبوری پاشی عەسر شۆفەرم هینا ئەو قومەم لابرد)، کەواتە ئەوە ڕاستی خەساربوونی قومەکە پشتراست دەکرێتەوە.

خشتەی ژمارە (3) پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزیی لە دەقی ژمارە دوو دا

| | |
|---|---|
| ئاماژەکردن | ئەوەی پیسایی و پاشماوە، سیاجیان بۆ دروست کرد، سیاجمان کردبوو، شۆفەرم هینا. لەدوای ئەوەی کارەکانم تەواو کرد گەیشتمە ئەوەی کە دیوارەکان لبغ بکەم تەلەفۆنم بۆ مێردەکەی کرد دیوارەی ئێوە ڕێگرە لە لبغ کردن تێک دەدەم لە دوای ئەوە بۆتان چاک دەکەمەوە وە ئەویش ڕەزامەندیدا ،کە بینیم کەوا کیسە چیمەنتۆکانیان دڕاندبوو، خەسار کرابوو، بەڵام لەدوای ئەوە کە من ژنم مارەکرد لەبەرئەوەی تاخیر بووم لە چاککردنەوەی دیوارەکە |
| بنیاتنانی نەرێنی | نەبەن، نەبرد، لاری کرد |
| ئاوەڵناو و ناو ئاوەڵکار، وا وتن | لەتەنیشت، ٥ی حەسارۆک، ٢٥٠م٢، ناو، لەناو، عەسر، ئەو کات، لەوکاتە، لە تەنیشت، نهۆمی یەکەم، لەپشت، پەنجا هەزار، بەمنی گوت (قحپە کچی قەحپە) وە بۆمن هات لەو کاتەی گۆتم سکاڵا تۆمار دەکەم ئەویش بێ منەت بوو. سیاجی وانم دانابوو، پێشتر. ڕۆژێکیان. بە مێردی دادخوازم گوت، گۆتم لەبەرئەوەی ئەو دیوارەی ئێوە ڕێگرە لە لبغ کردن تێک دەدەم گوتی لەبەرئەوەی کە زەوی خۆیان خاوێن کردۆتەوە پەنجا هەزار دیناریان سەرف کردووە، وەستاکەم تەلەفۆنی کرد کەوا دادخواز ئەو قومەی لەسەر زەوی ئەوانم دانابوو نیازی هەیە فرێی بدات، دادخواز قسەی جنێوی بەمندا وە منیش ئەو قسانەی بەمنی گوت پێم گۆتەوە. وەستاکەم تەلەفۆنی کرد کەوا دادخواز ئەو قومەی لەسەر زەوی ئەوانم دانابوو نیازی هەیە فرێی بدات |

نموونەی ژمارە (3)لەدەقی دادوەریدا

وتەی دادخواز

((داوای سکاڵای یاسای دەکەم لە دژی تۆمەتباران هەریەک لە (س) (ئ) لەبەر ئەوەی لە ڕێکەوتی 3/21/ 2019 یەکەم ڕۆژی چەژنە نەورۆز بوو من لەگەڵ خێزان و مندالەکانم چوومە گەشت و سەیران و لە ئەنجام کاتی شەو گەڕانەوە ماڵ و لە ئەنجام بۆم دەرکەوت کەوا ماڵەکەم توشی ڕوودانی دزی بووە و پەنجەرە و دەرگا شکاوە و کاتی ئامێری کامێرای چاودێری پێکردەوە و دەرکەوت تۆمەتبارانی سەرەوە تاوانەکەیان ئەنجام داوە و هەروەها دەرکەوت مبلغی

(320000) سێ سەدو بیست هەزار دینارم لێ دزراوە و سکالام هەیە و شاهیدم نییە تەنها کامیرام هەیە)).

وتەی تۆمەتباری یەکەم

((ڕۆژی نەورۆز (2019) کاتژمێر(3) پاش نیوەرۆ برادەرێکم بەناوی (س) هات وتی ئەو ماڵە کە جیرانی ئێمەیە چوونە سەفرە بابچین بزانین چی لێیە بۆیە من لەگەلی چووم و ئەو ئاودیوی حەوشە بوو دەرگای کردەوە و چوینە حەوشە دواتر بینیم جامی ژوورەوە شکاوە وتم چۆن ئەو پەنجەرەیە شکاوە وتی لە بەرامبەر ماڵی دادخواز خانوویەکی بەتاڵە لەوێ بەرد لە پەنجەرەکە داوە شکاندوویەتی بۆیە پەنجەرەکەمان کردەوە و چوینە ژوورەوە لە دوای شت گەراین بۆ دزیی تەنها بری (240000) دۆزیەوە و لەناو کانتۆری جلوبەرگ لە قاتی سەرەوە هیچی ترمان نەدزیوە بۆیە تەنها ئەو برە پارەیەمان بردووە پارەکەمان بە هاوبەشی سەرف کردووە، ئەمە یەکەمجارمە ئەو کارە بکەم و باوکیشم کۆچی دوای کردووە، ئەمەش وتەکانمە)).

وتەی تۆمەتباری دووەم

((لە ڕۆژی نەورۆز دایک و باوک و خوشک و براکانم لە گەشت بوون من بە تەنها لەماڵەوە بووم کەسێک بەناوی (ئ) کە برادەرمە و بەتەمەن لەمن گەورەترە هاتە لام گوتی وەرە با پێکەوە بچینە ناو ماڵی جیرانەکەمان پارە ببەین چونکە زۆر دەولەمەندن منیش گوتم نایەم بەڵام ئەو دەنگی لە من بەرزکردەوە هەر دەیگۆت بابرۆین زۆر ترسام بە ناچاری لەگەڵی ڕۆیشتم و کاتێ کە چوینە لای ماڵەکە (ئ) بەسەر دیوارەی حەوشەکە ماڵەکە کەوت و دەرگای کردەوە منیش چوومە حەوشەی ماڵەکە لەوێ (ئ) پەنجەرەی ژوورەی میوانەکەی شکاند و هەردووکمان چوینە ناو ماڵەکە و (ئ) چووە نهۆمی سەرەوە بری (240000) هێنا تەنها (5000) پێنج هەزاری دا بەمن دوای ئەو (ئ) گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان و منیش گەرامەوە بۆ ماڵی خۆمان من پێشتر حوکم نەدراوم، هەروەها من لە ترسان لەگەل (ئ) ڕۆیشتم چونکە ئەگەر لەگەڵی نەچووبام ئەو لە منی دەدا، ئەوەش وتەکانمە)).

- شیکردنەوەی دەقەکە لەڕووی پابەندبوون بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە

1- پابەندنەبوون بە بری زانیاری ناوەرۆکی بابەتەکە: (وتەی تۆمەتباران) لە ڕووی چەندەتی زانیارییەکان، پێشێلی بنەمای چەندیەتی کردووە، بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکەن کە (وتی ئەو ماڵە کە جیرانی ئێمەیە چوونە سەفرە بابچین بزانین چی لێیە بۆیە من لەگەلی چووم و ئەو ئاودیوی حەوشە بوو دەرگای کردەوە و چوینە حەوشە. پارەکەمان بە هاوبەشی سەرف کردووە، ئەمە یەکەمجارمە ئەو کارە بکەم و باوکیشم کۆچی دوای کردووە. بەتەمەن لەمن گەورەترە، ئەو دەنگی لە من بەرزکردەوە هەر دەیگۆت بابرۆین، ئەگەر لەگەڵی نەچووبام ئەو لە منی دەدا.

2- پابەندنەبوون بە چۆنیەتی زانیارییەکانی بابەتەکە: بەڵگەی دروست ئەوەیە کە هەردووکیان کارەکەیان کردووە و پارەکەشیان دابەشکردووە، تاوانباری دووەم هەوڵدەدات خۆی لە ئەنجامدانی کارەکە بدزێتەوە و بە ئاماژەدان بەوەی کە تاوانباری یەکەم لەو گەورەترە و ترسان لەوەی کە لێی بدات، بۆیە هەردووکیان دزیەکەیان کردووە.

خشتەی ژمارە (4) پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزیی لە دەقی ژمارە سێدا

| | |
|---|---|
| جامی ژوورەوە شکاوە، خانوویەکی بەتاڵە لەوێ بەرد لە پەنجەرەکە داوە شکاندوویەتی، تەنها ئەو برە پارەیەمان بردووە، پەنجەرەی ژوورەی میوانەکەی شکاند، من پێشتر حوکم نەدراوم، | ئاماژەکردن |
| هیچی ترمان نەدزیوە، نایەم | بنیاتنانی نەرێنی |

| | |
|---|---|
| بەناوی (س)، ئەو ماڵە ، کاتژمێر(3) پاش نیوەڕۆ ئاودیوی حەوشە بوو، یەکەمجارمە، بری (240000)، لەناو کانتۆری جلوبەرگ، لە قاتی سەرەوە، لە ڕۆژی نەورۆز ، بەناوی (ئ)، گەورەترە ، گوتی وەرە با پێکەوە بچینە ناو ماڵی، بەڵام ئەو دەنگی لە من بەرزکردەوە هەر دەیگوت بابڕۆین زۆر ترسام بە ناچاری لەگەڵی ڕۆیشتم جیرانەکەمان، چونکە زۆر دەولەمەندن منیش گوتم نایەم، (ئ) بەسەر دیوارەی حەوشەکە ماڵەکە کەوت و دەرگای کردەوە، هەردووکمان چوینە ناو ماڵەکە و (ئ) چووە نهۆمی سەرەوە بری (240000) هێنا تەنها (5000) پێنج هەزاری دا بەمن دوای ئەو (ئ) گەرایەوە بۆ ماڵی خۆیان و منیش گەرامەوە بۆ ماڵی خۆمان، من لە ترسان لەگەل (ئ) ڕۆیشتم چونکە ئەگەر لەگەڵی نەچووبام ئەو لە منی دەدا | ئاوەڵناو و ناو ئاوەڵکار، وا وتن |

نموونەی ژمارە (4) لەدەقی دادوەریدا

وتەی دادخواز

((لە ڕێکەوی (2013/10/8) نامەیەکم بۆ هات کە قسەی ناشیرینی تێدا نوسرابوو هەروەها تیادا هاتبوو لە فەیسبووک وێنەمان بڵاو دەکاتەوە وە پێشتر نەمزانی کێیە لەماڵەوە پرسیارمکرد و لەماڵەوە خێزانم و کچەکانم کە ئەو نامەیە لەڕێگەی کوڕێکی جیرانمان بەناوی (ە) بۆی هاتووە چونکە (3)جار هاتۆتە داخوازی کچەکەم (س) ئەویش مێردی پێناکات بۆیە ئەو نامەیەی ناردووە منیش چوومە لای باوکی تۆمەتبار گوت کە ئەگەر وێنەی کچەکانم بڵاو بکاتەوە من قبولی ناکەم باوکی بەلێنیدا کە ئەو کارە نەکات بەڵام پاش دوو سێ ڕۆژ نامەیەکم بۆ هات کە پێم رادەگەیەنێت کە وێنەکەیان بلاوکردۆتەوە هەروەها ئیمێلی بە ناوی کچەکەم بڵاو کردۆتەوە لەو کاتە سکالام لەسەر تۆمار کرد لە بنکەی نەهێشتنی تاوان لە (س) لەبەر ئەوەی هاتە لام بەلێنیاندا کە هەموو شتەکان رەش بکەنەوە لە فەیسبووک من وابزانم بۆ ماوەی هەفتەیەک گیراو و تونازولم کرد و ئازادکرا ئێوارە گوتیان کە وێنەکان ماوە منیش تەلەفۆنم بۆباوکی کرد پرسیارم کرد لە فەیسبوکی بەناوی کچەکەم داناوە و ناوەکەشی بە ئینگلیزی نوسیووە بەڵام دواتر نەما بەڵام دواتر کچەکەم گوتی هاوڕێیەکم گوتویەتی بەشەو لە فەیسبووک قسەی لەگەڵ کردووە ئەویش گوتویەتی کە فەیسبوکی نییە و پاش ماوەیەک نامەیەک خێزانەکەم ، کە ئەگەر لەو وادەیە کارەکە تەواو نەبێت هەرەشە توندی کردبوو دیسان چووینەوە سکاڵامان دژی تاوانبار تۆمارکرد هەروەها لەقسەی کچەکانم و زاوایەکەمان کە جارێکیان زاوایەکم مۆبایلەکەی لە دەست گرتییە کە وێنەی کچەکەم تێدابووە وە من سکاڵام دژی تۆمەتبار هەیە و داوای ایجرائاتی یاسایی دژی دەکەم ئەوەش وتەکەمە))

وتەی تۆمەتبار

((ماوەی دوو ساڵ دەبێت پەیوەندی خۆشەویستیم هەبووە لەگەڵ کچی دادخوازدا(ج) بەناوی (س) وە جیرانی ئێمەیە وە چەندینجار لە ڕێگەی خەلکەوە بۆ داخوازی چوینە بەڵام رازی نەبوو وە چەندینجار چوینەوە بەڵام ماوەی نزیکی ساڵێکە پەیوەندیم لەگەڵی نەماوە، ئەو ماوەیە ئاگامان لە یەک نییە وە من (8) ڕۆژگیرام لەسەر ئەم کێشەیە، وە من فەیسبوکم بەناوی خۆم هەیە بەڵام بەناوی (س) نەکردۆتەوە، وە خوشکی هەیە نەناوی (س) پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ زۆر کەس هەیە، لەوانەیە خەلکەکە بەناوی (س) ی کردۆتەوە، وە ئاگام لێ نیە وە (س) وێنەی خۆی خێزانەکەی

دایتیەوە وان وە من ئەو ماوەیە هەرەشەم لە دادخواز  و کچەکەی نەکردووە، وە ئەو ماوەیە بە مۆبایل هەرەشەم نەکردووە، وە ئەوانەی باسی دەکەن ئی پێش سالێکە و ئەوان بوختانم بۆ دەکەن، وە ئامادەم ڕووبەڕووی (س)ببمەوە لەسەر ئەم کێشانە ئەوە سالێکە دوورم لەم کێشانە وە پێشتر (8) ڕۆژ گیرابووم لەم کێشەیە حوکم نەدراوم ئەمەش وتەکەمە)).

- شیکردنەوەی دەقەکە لەڕووی پابەندنەبوون بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە

1- پابەندنەبوون بە بری زانیاری ناوەڕۆکی بابەتەکە: (وتەی دادخواز) لادان لە پابەندبوون بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، واتا بری ئەو زانیارییانەی کە پێویستبوو بیگەیەنێت، زانیاری زیادەی تری درکاندووە، واتا لە ڕووی چەندەتی زانیارییەکان، پێشێلی بنەمای چەندیەتی کردووە، بۆ نموونە : (چونکە (3)جار هاتۆتە داخوازی کچەکەم (س) ئەویش مێردی پێناکات. هاورێیەکم گوتویەتی بەشەو لە فەیسبووک قسەی لەگەڵ کردووە، ئەویش گوتویەتی کە فەیسبوکی نییە) (وتەی تۆمەتبار) بەناوی (س) وە جیرانی ئێمەیە وە چەندینجار لە ڕێگەی خەلکەوە بۆ داخوازی چوینە، بەڵام ڕازی نەبوو وە چەندینجار چوینەوە، بەڵام ماوەی نزیکی سالێکە پەیوەندیم لەگەڵی نەماوە، ئەو ماوەیە ئاگامان لە یەک نییە). (خوشکی هەیە نەناوی (س) پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ زۆر کەس هەیە) ( ئامادەم ڕووبەڕووی (س)ببمەوە لەسەر ئەم کێشانە ئەوە سالێکە دوورم لەم کێشانە، لەم کێشەیە حوکم نەدراوم).

2- پابەندنەبوون بە چۆنیەتی زانیارییەکانی بابەتەکە: تۆمەتبار هەوڵدەدات بەرپرسیاریەتی بابەتەکە لە ئەستۆ نەگرێت، بۆیە پاساو بۆئەوە دەهێنێتەوە، ئەو وێنە و ئەکاونتی بەناوی ئەو کچەوە دروست نەکردووە، تۆمەت ئەوە دەخاتە پاڵ خوشکەکەی کە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کەسیتردا هەبووە، بەڵام بە بەڵگەی ئەوەی کە چەندجاریکی تر لە لایەن باوکی کچەکەوە ئاگاداری ماڵەوەیان کراوە، جارێکی تریش لەسەر هەمان بابەتت گیراوە و دواتر لێخۆشبوونە.

3- پابەندنەبوون بە پەیوەستی زانیارییەکانی بابەتەکە: تۆمەتباردا دەردەکەوێت، هەندێک زانیاری هەن، پەیوەست نبە بابەتەکەوە، وەکو وتەی تۆمەتبار دەڵێت: (ئامادەم ڕووبەڕووی (س)ببمەوە لەسەر ئەم کێشانە ئەوە سالێکە دوورم لەم کێشانە وە پێشتر (8) ڕۆژ گیرابووم، وە خوشکی هەیە ناوی (س) پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ زۆر کەس هەیە، لەوانەیە خەلکەکە بەناوی (س) ی کردۆتەوە، وە ئاگام لێ نیە وە (س) وێنەی خۆی خێزانەکەی دایتیەوە وان).

خشتەی ژمارە (5) پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزیی لە دەقی ژمارە چوار دا

| | |
|---|---|
| لە فەیسبووک وێنەمان بڵاو دەکاتەوە، فەیسبوکی بەناوی کچەکەم داناوە.  لای باوکی تۆمەتبار گوت کە ئەگەر وێنەی کچەکانم بڵاو بکاتەوە من قبولی ناکەم. هەروەها ئیمێلی بە ناوی کچەکەم بڵاو کردۆتەوە. (س) لەبەر ئەوەی هاتە لام بەلێنیاندا کە هەموو شتەکان رەش بکەنەوە، لەقسەی کچەکانم و زاوایەکەمان کە جارێکیان زاوایەکم مۆبایلەکەی لە دەست گرتییە کە وێنەی کچەکەم تێدابووە، من فەیسبوکم بەناوی خۆم هەیە. ئەوان بوختانم بۆ دەکەن. حوکم نەدراوم | ئاماژەکردن |
| نەمزانی کێییە، مێردی پێناکات، من قبولی ناکەم، کارە نەکات، بەڵام دواتر نەما، فەیسبوکی نییە، لەو وادەیە کارەکە تەواو نەبێت. بەڵام ڕازی نەبوو، پەیوەندیم لەگەڵی نەماوە، بەڵام بەناوی (س)  نەکردۆتەوە، ئاگام لێ نیە، ئەو ماوەیە هەرەشەم لە دادخواز  و کچەکەی نەکردووە، ئەو ماوەیە بە مۆبایل هەرەشەم نەکردووە | بنیاتنانی نەرێنی |

| | |
|---|---|
| ماوەی دوو ساڵ دەبێت، قسەی ناشیرینی تێدا نوسرابوو. ئێوارە گوتیان کە وێنەکان ماوە منیش تەلەفۆنم بۆباوکی کرد، ناوەکەشی بە ئینگلیزی نوسیووە. لەڕێگەی کوڕێکی جیرانمان بەناوی (ە) بۆی هاتووە، (3)جار هاتۆتە داخوازی کچەکەم، باوکی بەلێنیدا کە ئەو کارە نەکات. پاش دوو سێ ڕۆژ نامەیەکم بۆ هات کە پێم رادەگەیەنێت کە وێنەکەیان بلاوکردۆتەوە، پاش ماوەیەک نامەیەک خێزانەکەم، ئەگەر لەو وادەیە کارەکە تەواو نەبێت هەرەشە توندی کردبوو. ماوەی دوو ساڵ دەبێت. کچی دادخوازدا(ج). چەندینجار لە ڕێگەی خەلکەوە بۆ داخوازی چوینە. ئەو ماوەیە، (8) ڕۆژگیرام، خوشکی هەیە نەناوی (س). باسی دەکەن ئی پێش سالێکە. ئەوە سالێکە دوورم لەم کێشانە وە پێشتر (8) ڕۆژ گیرابووم | ئاوەڵناو و ناو ئاوەڵکار، وا وتن |
| وابزانم بۆ ماوەی هەفتەیەک گیراو | گریمانەکردن |
| ماوەی نزیکی سالێکە. | پلەی نزیکی |

نموونەی ژمارە (5) لەدەقی دادوەریدا

وتەی تۆمەتباری یەکەم

((ریکەوتەکەم لەیاد نییە من و براکانم (م) و (ئ) و (ئ) و برانم بەناوی (ک) هاتینە (ش) بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک کە گوایە براکەم (ئ) ژنێکی هەلگرتیە کە دەکاتە خوشکی (ح) چونکە ئەوان هاتبوونە مالی ئێمە و هەرەشەیان کردبوو بویە گەیشتینە پیش مالی (ح) نزیکەی کات ژیر (12) شەو بوو یەکسەر ئیمە نەچوینە پیش مالی (ح) بەڵکو لەپیش مالی (م) راوەستاین (ح)هات و کردییە هات و هاوار و شەر لەو کاتانە (ئ) کوری (ح) کە ناسراوە بە (غ) هات وکلاشینکۆفی لەلا بوو و دوو تەقەی کرد و بوو بە شەر (ئ) کلاشینکۆفی لێ ستاندەو دوو تەقەی هوائی کرد و دواتر ژنێک زامدار بوو من بردمە نەخۆشخانە بویە من بە هیچ شێوەیەک سلاحم لەلا نەبووە تەقەم نەکردووە ئەمە وتەکانمە پیشتر حوکم و گیراوم لەسەر دزی کردن))

وتەی تۆمەتباری دووەم

(( ریکەوتی رووداوەکە نازانم بەلام نزیکەی کات ژمیر (11) شەو من و خێزانم و برایەکانم(ئ) +(ش) بە ئوتومبیلی خوم چوینە (ش) لای مالی کوری خەزورم کە مالیان جیرانی مالی (ح)یە چونکە (ح) هاتبووە (س) وتبووی براتان کچی ئێمەی فراندووە و سکالا دەکەم بۆیە ئێمە چووین بۆ چارەسەرکردنی کیشەکە و گەیشتینە شوینەکە بینیمان(ح) لەبەردەم مالی کوری خەزوورم دانیشتبوو یەکسەر دەستی کرد بە جوین و قسەی ناشرین ئەوان (ح) و دوو کچەکەی و کورەکەی (غ) کە ناوی (ئ) بە بەرد ئێمەیان دا بەری و جامی ئۆتۆمبیلم شکا بویە بو بە شەر دیاربوو (ئ) سیلاحی هێنا و گولەیەکی تەقاند بۆ هەوائی دواتر (ئ) سیلاحەکەی لی ستاد دیاربوو را نەدەوەستا یەکسەر (ئ) چەند گولەیەکی هوائی تەقاند بۆ ئەوەی شەرەکە بەوەستێت پاشان جیرانیک بەناوی (س) هاتە دەرەوە لە مال ووتی ژنەکەم( س) زامداربووە من گەیاندمە نەخۆشخانە ئێمە سلاحمان لەلا نەبوو و بۆیەش چو بوین و بۆ چارەسەرکردن چوین بویە من بی تاوانم پیشتر حوکم نەدراوم))

وتەی گەواهیدەر

((ریکەوتی رووداوەکە لە یاد نییە بەڵام نزیکەی (2)دوو مانگ زیاتر بەر لە ئیستا کاتەکە کاتژمێر (1)ی شەو بوو کەوا چەند کەسێک بە ئۆتۆمبیلی جۆری تەکسی (س) هاتنە سەرمان لە (ش) ناویان(ئ)(ئ) و (ش) و (م) براژنی (م) بەناوی (ک) کاتێک کە من و دایکم (ح) و خوشکم(د) لە پێش دەرگای ماڵی شو برای دایکم بوین بەرانبەر مالی خۆمانن ئەوان

یەکسەر کە دابەزین لە ئوتومبیل (ک) دەستی کرد بە جنێودان و (ئ) دەستی کرد بە هەرەشە کردن وتی ئێوە بوختانتان بە من کردووە چونکە کاتی ڕووداوەکە پێشتر ئێوارانەکەی ئێمە چوبووین نە مالی (ئ) بۆ هەواڵ پرسینی پورم کە دیار نەمابوو گوتیان لەگەل (ئ) رۆیشتووە ئەوە بوو کاتی رووداوەکە (ئ) چەکی جۆری کلاشینکۆفی پێ بوو بە چاوی خۆم بینیم دەستی کرد بە تەقەکردن و ئاراستەی دایکم (ح) کرد بەلام خۆی خستە سەر دەو دیاربوو لەو کاتە شدا جیرانێکمان بەناوی (س) هاواری کرد ووتی وەرن خێزانم زامدار بووە کەناوی (س) ئیتر دایکم و و من) ریگریمان لە ئۆتۆمبیل کردبۆ ئەوەی (س) یان بۆ نەخۆشخانە برد بەلام (ئ) و ئەوان تر هەڵاتن و ئیتر نازانم ئەوە چیلێهات بەڵام بیستم ئەو چەکە هی (ص) بوو .......ئەوان خزمی (ص) ئەوە من شاهیدم براکەم (ئ) تەقەی نەکردووە و پاش تەقەکردن هاتە دەرێ ئەو چەکەشی پێبووە تەقەی نەکردووە، ئەوەندە ئاگادارم ئەوەش وتەکانمە)).

1- پابەندنەبوون بە بری زانیاری ناوەرۆکی بابەتەکە: (وتەی دادخواز) لە ڕووی چەندەتی زانیارییەکان، پێشێلی بنەمای چەندیەتی کردووە، بۆ نموونە: یەکسەر ئیمە نەچوینە پیش مالی (ح)، بەڵکو لەپیش مالی (م) ڕاوەستاین، حوکم و گیراوم لەسەر دزی کردن، بۆیەش چو بوین و بۆ چارەسەرکردن چوین، ڕیگریمان لە ئۆتۆمبیل کردبۆ ئەوەی (س).

2-پابەندنەبوون بە ڕاستی زانیارییەکانی بابەتەکە: ڕاستی ئەم بابەتە لەڕووی واتاوە تەمومژاوییە، ئەوەش بەبەڵەی ئەوەی کێ تەقەی کردووە، لەلایەکیتریشەوە تۆمەتباری یەکەم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەوان چوونە بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکە، کەواتە ئەوە بە دەردەکەوێت کە پوری ئەو کەسەیان بردووە، وە کورەکەش سیلاحی پێبووە بە وتەی شایەد حال کە دەلێت: براکەی سیلاحی پێبووە بەڵام تەقەی نەکردووە!!

3 بکەرنادیار: لەم کەیسەدا بە شێکی زانیاریەیەکان وەکو بکەرنادیارێک ئاماژەی بۆ کراوە بۆ نموونە (ئەوان هاتبوونە مالی ئێمە، ئێمە چوبووین، گەیشتینە شوینەکە، ئەوانی تر هەڵاتن. بەڵام ئایا پوری بە ڕەزامەندی خۆی چووە، یان فراندوویەتی؟ ئایا بە تەقەی کورەکەیان ژنەکەی دراوسێیان زامدار بووە، یان بە تەقەی ئەو کەسەی کە سیلاحەکەی لە کەسی یەکەم وەرگرتووە و تەقەی هەوای کردووە؟

خشتەی ژمارە (6) پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزیی لە دەقی ژمارە پێنجدا

| | |
|---|---|
| بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک،کلاشینکۆفی لەلا بوو، (ئ) کلاشینکۆفی لێ ستاندەو،ژنێک زامدار بوو من بردمە نەخۆشخانە، بە ئوتومبیلی خوم چوینە، کە ناوی (ئ) بە بەرد ئێمەیان دا بەری و جامی ئۆتۆمبیلم شکا، (ئ) سیلاحی هێنا و گولەیەکی تەقاند بۆ هەوائی دواتر(ئ) سیلاحەکەی لی ستاد دیاربوو را نەدەوەستا یەکسەر(ئ) چەند گولەیەکی هوائی تەقاند بۆ ئەوەی شەرەکە بەوەستێت، پاشان جیرانیک بەناوی(س) هاتە دەرەوە لە مال ووتی ژنەکەم( س) زامداربووە.من گەیاندمە نەخۆشخانە. بە ئۆتۆمبیلی جۆری تەکسی، بۆ هەواڵ پرسینی پورم کە دیار نەمابوو گوتیان لەگەل (ئ) رۆیشتووە. ڕووداوەکە (ئ) چەکی جۆری کلاشینکۆفی پێ بوو بە چاوی خۆم بینیم دەستی کرد بە تەقەکردن، و ئاراستەی دایکم (ح) کرد. جیرانێکمان بەناوی (س) هاواری کرد. ئەوان تر هەڵاتن. ئەو چەکە هی (ص) بوو .......ئەوان خزمی (ص) | ئاماژەکردن |
| بە هیچ شێوەیەک سلاحم لەلا نەبووە تەقەم نەکردووە، ریکەوتی ڕووداوەکە نازانم، من بی تاوانم پیشتر حوکم نەدراوم. ریکەوتی ڕووداوەکە لە یاد نییە، ئیتر نازانم ئەوە چیلێهات، ئەوە من شاهیدم براکەم (ئ) تەقەی نەکردووە و پاش تەقەکردن هاتە دەرێ ئەو چەکەشی پێبووە تەقەی نەکردووە | بنیاتنانی نەرێنی |

| | |
|---|---|
| هەڕەشەیان کردبوو، گەیشتینە پیش مالی (ح)، کاتژێر (12) شەو، ئیمە نەچوینە پیش مالی (ح) بەڵکو لەپیش مالی (م) راوەستاین (ح)هات و کردییە هات و هاوار و شەڕ، (ئ) کوری (ح) کە ناسراوە بە (غ) هات، دوو تەقەی کرد،دوو تەقەی هوائی کرد، کات ژمیر (11) شەو، من و خێزانم و برایەکانم(ئ) +(ش)، وتبووی براتان کچی ئێمەی فراندووە، یەکسەر دەستی کرد بە جوین و قسەی ناشرین ئەوان (ح) و دوو کچەکەی و کورەکەی (غ)، کاتەکە کاتژمێر (1)ی شەو بوو، چەند کەسێک، (س) هاتنە سەرمان لە (ش) ناویان(ئ)(ئ) و (ش) و (م) براژنی (م) بەناوی (ک) کاتێک کە من و دایکم (ح) و خوشکم(د) لە پێش دەرگای ماڵی شو برای دایکم بوین، بە هەرەشە کردن وتی ئێوە بوختانتان بە من کردووە. ووتی وەرن خێزانم زامدار بووە کەناوی (س). | ئاوەڵناو و ناو ئاوەڵکار، وا وتن |
| گوایە براکەم (ئ) ژنێکی هەلگرتیە کە دەکاتە خوشکی (ح) | گومانکردن |
| نزیکەی، نزیکەی (2)دوو مانگ | پلەی نزیکی |

نموونەی ژمارە (6) لەدەقی دادوەریدا

وتەی دادخواز

((من پێش زیاتر لە سالێک لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ماوەی (8) مانگ سزادراوم و بەندکراوم وە پاشی ئەوەی بەربووم سالێک دەبێت کورێکم ناسی بەناوی (ئ) و لەگەڵی دەژیام و بەبێ ئەوەی مارەم بکات لەگەڵی بوم وە پەیوەندی سێکسی لە نێوانمان هەبووە وە هیچ مندالێکم نەبووە لە (ئ) وە ئەمرۆ من پێویستم بە پارە بوو تەلەفۆنم بۆ خوشکێکم کرد بەناوی (ش) پێم وت پیویستم بە پارەیە ئەویش گوتی وەرە پێت دەدەم وە کاتێک هاتم بۆ مالی (ش) لەگەرەکی(ب) پارەکەم لی وەرگرت هەریەک لە باوکم بە ناوی (س) برایەکانم بو ناوەکانی (س) و (س) و(ک) لەسەر کۆلانی مالی (ش) وەستابوون و یەکسەر تەقەیان لێم کرد ئەو کەسە(س) بوو وە چەکی چۆری دەمانجەی لابوو لەگەل یەکێکیتریان تەقەی کرد کە دلْنیانیم کامەیان بوو وە سکالام لە دی هەموویان هەیە وە من دەرمانی بێهۆشکەر بەکارناهێنم ئیستا ئەمەش ووتەم، وە لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە دوو گوللەم بەرکەوت و زامدار بووم))

وتەی تۆمەتباری یەکەم

((ریکەوتی ڕووداو (18/ 2019/2) نزیک کاتژمێر ( 2,30 – 3) ی شەو من لە مالی خۆم بووم (س) ی برام تەلەفۆنی کرد گوتی (ب) ی خوشکم لەگەل پیاوەک هاتوون هەرەشە لە (ش) خوشکم دەکەن دەلین یان دەبی پارەم بدەنی یان مندالْت دەرفینین بوویە من (س) بەچەکەوە رۆیشتین کە بیانگرین چونکە (ب)ی خوشکم نزیکەی دووسالە لە سجن ئازادکراوە لەسەر مادەی بێهۆشکەر لەوکاتەوە نەگەرابوو مالی خۆی کاتێک من و (س) چوینە مالی (ش) پیاوەکە لە پیش مالیان بوو هەلات ئیمەش تەقەمان بەسەری دا کرد بۆ ئەوەی بوەستێت دواتر پیاوەکەمان گرت و تەسلیمی پۆلیسمان کرد لە کاتی گرتنی بەرگری دەکرد ئیمەش لیمان دا بەلام ئێمە (ب) نەبینی دوای ڕووداوەکە (م) کە زاوامانە گوتی (ب) بە بریندارى لەناو کۆلان کەوتووە ئێمەش گوتمان تەسلیمی پۆلیسی بکەین(م) تەسلیمی بنکەی پۆلیسی کردبوو ئێمە بە ئەنقەست تەقەمان لە (ب) نەکرد نازانم چەند گولەی پێ کەوتوە دواتر بۆمان دەرکەوت زامدار بووە هەروەها بۆمان دەرکەوت دوای ئەوەی (ب) لە سجن ئازاد کراوە لەگەل ئەو کەسە کە دەرکەوت ناوی (ئ)ە ژیاوە بۆ ماوەی دووسال هەرچەند (ب) هاوسەری هەیە و تەلاقی نەداوە پیشتر حوکم نەدراوم ئەمەش وتەکانمە)).

وتەی تۆمەتباری دووەم

((سەبارەت بە ڕووداوی تەقەکردن و زامداربوونی خوشکەکەم (ب) من بە هیچ شێوە دەستم تییدا نییە لە کاتی ڕووداوەکە

من له واجب بووم له (حش) من بێتاوانم لەم ڕووداوە و بە هیچ شێوە بەشدارنیم لە ڕووداوەکە(ب) خوشکم پێشتر لەسەر مادەی بیهۆشکەر گیرابوو نزیکەی دووسال دەبێت ئازادکراوە دوای ئازادبوونی نەگەڕاوەتەوە لای مێردەکەی خۆی بزر کردوو لەو کاتە من نەم بینیوەوتەوە من بە هیچ شتێکم بە چاوی خۆم نەم بینیوە و ئاگاداری هیچ شتێک نیم ئەوەش ووتەکانی منە من پێشتر نەگیراوم وحوکم نەدراوم و ئەوەش ووتەکانی منە)).

1- پابەندنەبوون بە بری زانیاری ناوەڕۆکی بابەتەکە: (وتەی دادخواز وتەی تۆمەتباران) لادانە لە پابەندبوون بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، واتا لە ڕووی چەندیەتی زانیارییەکان، پێشێلی بنەمای چەندیەتی کردووە، وتەی دادخواز: من پێش زیاتر لە سالێک لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ماوەی (8) مانگ سزادراوم و بەندکراوم وە پاشی ئەوەی بەربووم سالێک دەبێت کورێکم ناسی بەناوی (ئ) و لەگەڵی دەژیام و بەبێ ئەوەی مارەم بکات، لەگەڵی بوم وە پەیوەندی سێکسی لە نێوانمان هەبووە، وە هیچ منداڵێکم نەبووە، من دەرمانی بێهۆشکەر بەکارناهێنم. (وتەی تۆمەتبار1) (ب)ی خوشکم نزیکەی دووساڵە لە سجن ئازادکراوە لەسەر مادەی بێهۆشکەر لەوکاتەوە نەگەڕابوو مالی خۆی کاتێک من و (س) چوینە مالی (ش) پیاوەکە لە پیش مالیان بوو. (وتەی تۆمەتبار2) هەروەها بۆمان دەرکەوت دوای ئەوەی (ب) لە سجن ئازاد کراوە لەگەل ئەو کەسە کە دەرکەوت ناوی (ئ)ە ژیاوە بۆ ماوەی دووسال هەرچەند (ب) هاوسەری هەیە و تەلاقی نەداوە.

2- بکەرنادیار: دادخواز دەڵێت: ناوەکانی (س) و (س) و(ک) لەسەر کۆلانی مالی (ش) وەستابوون و یەکسەر تەقەیان لێم کرد ئەو کەسە(س) بوو وە چەکی جۆری دەمانجەی لابوو لەگەل یەکێکیتریان تەقەی کرد کە دڵنیانیم کامەیان بوو. ئیمەش تەقەمان بەسەری دا کرد. ئێمە بە ئەنقەست تەقەمان لە (ب) نەکرد ئیمەش لیمان. ئەوەی لێرە ڕوون نییە، بکەری کارەکە نادیارە ئایا کێ تەقەکەی کردووە؟.

3-پەیوەست نەبوون بە بابەتەکەوە: لەلایەن دادخوازو تاوانبارانە باسی گیرانی خوشکەکەیان دەکەن، لەسەر ماددەی هۆشبەر کە ئەمە هیچپەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نییەگیرانی لەسەر مادەی هۆشبەر و دواتر ئازادبوونی هیچ پەیوەندیی بە بابەتەکەوە نییە. ((خوشکم پێشتر لەسەر مادەی بیهۆشکەر گیرابوو نزیکەی دووسال دەبێت ئازادکراوە دوای ئازادبوونی نەگەڕاوەتەوە لای مێردەکەی خۆی بزر کردوو)).

خشتەی ژمارە (7) پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزیی لە دەقی ژمارە شەشدا

| | |
|---|---|
| ئاماژەکردن | لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ماوەی (8) مانگ سزادراوم و بەندکراوم وە پاشی ئەوەی بەربووم سالێک دەبێت کورێکم ناسی بەناوی (ئ) و لەگەڵی دەژیام و بەبێ ئەوەی مارەم بکات لەگەڵی بوم وە پەیوەندی سێکسی لە نێوانمان هەبووە وە هیچ منداڵێکم نەبووە .پێویستم بە پارە بوو تەلەفۆنم بۆ خوشکێکم کرد، یەکسەر تەقەیان لێم کرد ئەو کەسە(س) بوو وە چەکی جۆری دەمانجەی لابوو. من دەرمانی بێهۆشکەر بەکارناهێنم. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە دوو گوللەم بەرکەوت و زامدار بووم.. من (س) بەچەکەوە ڕۆیشتین کە بیانگرین، ئیمەش تەقەمان بەسەری دا کرد، ئیمەش لیمان دا. لە کاتی ڕووداوەکە من لە واجب بووم لە (حش). |
| بنیاتنانی نەرێنی | بەلام ئێمە (ب) نەبینی دوای ڕووداوەکە. ئێمە بە ئەنقەست تەقەمان لە (ب) نەکرد نازانم چەند گولەی پێ کەوتوە. پێشتر حوکم نەدراوم. من بە هیچ شێوە دەستم تییدا نییە.من بێتاوانم لەم ڕووداوە و بە هیچ شیوە بەشدارنیم لە ڕووداوەکە. دوای ئازادبوونی نەگەڕاوەتەوە لای مێردەکەی خۆی بزر کردوو لەو کاتە من نەم بینیوەوتەوە من بە هیچ شتێکم بە چاوی خۆم نەم بینیوە و ئاگاداری هیچ شتێک نیم ئەوەش ووتەکانی منە من پێشتر نەگیراوم وحوکم نەکراوم |

| | |
|---|---|
| پێم وت پیویستم به پارەیە ئەویش گوتی وەرە پێت دەدەم، هەریەک لە باوکم بە ناوی (س) برایەکانم بو ناوەکانی (س) و (س) و(ک) لەسەر کۆلانی مالی (ش) وەستابوون. ریکەوتی رووداو (18/ 2019/2). نزیک کاتژمێر ( 2,30 – 3) ی شەو. برام تەلەفۆنی کرد گوتی (ب) ی خوشکم لەگەل پیاوەک هاتوون هەرەشە لە (ش) خوشکم دەکەن دەلین یان دەبی پارەم بدەنی یان منداڵت دەرفینین. لە پیش مالیان بوو هەلات. دوای رووداوەکە (م) کە زاوامانە گوتی (ب) بە بریندارى لەناو کۆلان کەوتووە ئێمەش گوتمان تەسلیمی پۆلیسی بکەین(م) تەسلیمی بنکەی پۆلیسی کردبوو. | ئاوەڵناو و ناو ئاوەڵکار، وا وتن |
| یەکێکیتریان تەقەی کرد کە دڵنیانیم کامەیان بوو | گومانکردن |
| زیاتر لە سالێک | پلەی نزیکی |

نموونەی ژمارە (7) لەدەقی دادوەریدا

وتەی تۆمەتبار

((من لە مانگی (9) ئەمساڵ جیرانەکەم بەناوی (ئ) داوای لەمن کرد لەجیاتی ئەو بچم بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەوری دووەم بابەتی زمانی ئینگلیزی لەبەر ئەوەی ئەو نەخۆشبوو منیش سەرەتا رازی نەبووم بەلام (ئ) زۆر تکای لێمکرد زۆر داوای لێکردم منیش لەبەر ئەوەی (ئ) توشی نەخۆشی دەروونی بوە لەبەر ئەوەی (4) ساڵ لە قۆناغی شەشەمی زانستی دەرناچێت بۆیە ناچاربووم رازی بووم بەمنی وت کەوا تاقیکردنەوەکەم ئەو بەراییە، داوای یەک وێنەی لە من کرد (ئـ) وێنەی منی خستە سەر ناسنامەی بەشداری ئەزموونی تاقیکردنەوەی ئامادەیی داناو ئەوە بوو من چووم بۆ قوتابخانەی (ق) لەناو هۆلی تاقیکردنەوە لەبەر ئەوەی لای مامۆستاکان وێنەی دووەمیان هەبوو لە ناسنامە و وێنەکانی قوتابییان لەوی ئاشکرابووم لەکاتی ئاشکرابوونی ئەم کارە من ترسا زۆر و هەڵاتم وتم هەلەبووم بەهەلسانم بەم کارە و من نەمزانی کە ئەم کارە کێشەم بۆ دروست دەکات و پەشیمانم و پێشتر حوکم نەدراوم و ئەمەش وتەکانمە وە هەروەها لەبەر ئەوەی من پێشتر تووشی نەخۆشی دەروونی بووم لەبەر ئەوەی برام و باوکم لەتەقینەوە لە بەغدا مردوون، بۆیە من یارمەتیم دا، وە من هیچ پارەیەکم وەرنەگرتووە، وە حوکم نەدراوم)).

– شیکردنەوەی دەقەکە لەڕووی پابەندبوون بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە

1- پابەندنەبوون بە بری زانیاری ناوەرۆکی بابەتەکە: (وتەی دادخواز) لادان لە پابەندبوون بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە، واتا بری ئەو زانیارییانەی کە پێویستبوو بیگەیەنێت، زانیاری زیادەی تری درکاندووە، واتا لە ڕووی چەندەتی زانیارییەکان، پێشێلی بنەمای چەندیەتی کردووە، بۆ نموونە ئاماژەبەوە دەکات لەبەر ئەوەی من پێشتر تووشی نەخۆشی دەروونی بووم لەبەر ئەوەی برام و باوکم لەتەقینەوە لە بەغدا مردوون

2-پابەندنەبوون بە ڕاستی زانیارییەکانی بابەتەکە: لەبەر ئەوەی بابەتەکە بەغەشکردن دادەنرێت، کەواتە بەڵگەکانی ڕاست نییە، دەزانێت ئەو کارە سزای بەدواوەیە.

3-پابەندنەبوون بە پەیوەستی زانیارییەکانی بابەتەکە: تۆمەتباردا دەردەکەوێت، هەندێک زانیاری هەن، پەیوەست نبە بابەتەکەوە وەکو وتەی تۆمەتبار دەڵێت: (لەبەر ئەوەی (ئ) تووشی نەخۆشی دەروونی بوە، پێشتر تووشی نەخۆشی دەروونی بووم، لەبەر ئەوەی برام و باوکم لەتەقینەوە لە بەغدا مردوون).

خشتەی ژمارە (8) پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزی لە دەقی ژمارە حەوتدا

| | |
|---|---|
| من لە مانگی (9)، جیرانەکەم بەناوی (ئ)، بابەتی زمانی ئینگلیزی، نەخۆشبوو، تووشی نەخۆشی دەروونی بووم، وێنەی منی خستە سەر ناسنامەی بەشداری ئەزموونی تاقیکردنەوەی ئامادەیی، پەشیمانم و پێشتر حوکم نەدراوم، هەلەبووم | ئاماژەکردن |
| رازی نەبووم، هیچ، وەرنەگرتووە | بنیاتنانی نەرێنی |
| بەناوی (ئ)، زۆر تکای لێمکرد زۆر، بەمنی وت کەوا تاقیکردنەوەکەم ئەو بەراییە ، یەک، لەناو، دووەمیان، لەکاتی، ترسا زۆر، نەمزانی، لەجیاتی، (4) ساڵ. | ئاوەڵناو و ناو ئاوەڵکار، وا وتن |

**ئەنجامەکان:**

1-پەرژینە زمانیەکان و خودپارێزیی تەنها لە ئاستی وشەناسیدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە ئاستەکانی ڕستەناسیی و واتاناسیی و مەبەستناسیشدا دەردەکەوێت.

2-پەرژینە زمانیەکان جۆراوجۆرن، ناتوانرێت تەنها چەند جۆرێک دیاریبکرێن، بۆیە تا ئێستا ڕێکەوتن لەسەر جۆر و ژمارەیان نییە.

3-بە پێی میتۆدی (SCAN) لە دەقە دادوەرییەکاندا دەرکەوت، تاوانبار و تۆمەتباران کە پابەندنی ناوەرۆکی بابەتەکان نەبوون، بە تێڕوانینێکی تر، پابەندی بنەمای چەندیەتی چۆنیەتی و شێواز و پەیوەست) نەبوونە.

4-سەرەرای پابەندنەبوون بە ناوەرۆکی بابەتەکان، بەڵکو ئەو لادانە ببووە هۆی ئەوەی تاوانبان و تۆمەتباران، ئەم لادانە بکەن بە خودپارێزیی، بۆ نەگرتنە ئەستۆی تاوانەکە.

5-پەرژینە زمانیەکان لە دەقە دادوەرییەکاندا، وەک ڕاپۆرتی پۆلیس، شیکردنەوەی زمانەوانیی دادوەری، کاریگەریی لەسەر تێگەیشتن و لێکدانەوە، دەرئەنجامەکانی کەیسەکانی تاوان دەبێت.

**سەرچاوەکان**


– بەزمانی کوردی:

– خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا(2021)، پراگماتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

– ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن(2023)، شیکردنەوەی گوتار، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– عەبدولعەزیز ، محەمەد حەسەن(2021) و.خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

– ناوخۆش، سەلام ( 2007)، فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد ئینگلیزی -کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.

2- بەزمانی ئینگلیزی

-Ai, Pande Putu Surya, Ni Luh Nyoman Seri Malini, and Ni Wayan. (2024) "The Comparison of the Use of Lexical Hedges, Intensifiers and Super Polite Forms in CLT Approach. Volume 7(3).

-Aijmer, Karin., (2021). Hedging, Discourse Variation and. Corpus Linguistics II, 15 November.Volume 57.

-Al-Quraishy & Wudaa, S (2011). The Use of Hedging Devices in Scientific Research Papers byIraqi EFL Learners. Al-Qadisiyah Journal For Humanities Sciences, 14(1-2).

-Boginskaya, O. A., (2022). Functional categories of hedges: A diachronic study of Russian research article abstracts. Russian Journal of Linguistics, 26(3).-Brown, P. and Levinson, S.C., 1987. Politeness: Some universals in language usage (Vol. 4). Cambridge University Press.

-Coates, J., (1987). Epistemic modality and spoken discourse. Transactions of the Philological Society, 85(1).

-Crompton, P., (1997). Hedging in academic writing: Some theoretical problems. English for Specific Purposes, 16(4).

-Dubois, B. L., (2008). Something on the order of around forty to forty-four: Imprecise numerical expressions in biomedical slide talks. Language in Society, Volume 53.

-Fraser, B., (2010). Pragmatic Competence: The Case of Hedging. s.l.:Emerald Group Publishing Limited.

-Hassan, A. S. & Said,( 2020).A pragmatic study of hedges in American political editorials. International Journal of Research in Social Sciences and Humanities, 10(3).
-Holmes, J., (1995). Women, Men and Politeness. 1st ed. London: s.n.
-Houtman & Ali, . S., (2018). The History of Forensic Linguistics as an Assisting Tool in the Analysis of Legal Terms, Sriwijaya Law Review. , Sriwijaya Law Review, 2(2).
-Hyland, K., (1994). Hedging in academic writing and EAF textbooks. English for specific purposes. English for Specific Purposes, 13(3).
-Hyland, K., (1996b). Writing Without Conviction Hedging in Science Research Articles.Applied Linguistics, December, 17(4).
-Hyland, K., (1998). Hedging in Scientific Research Articles. s.l.:John Benjamins Publishing Company.
-Hyland, K., (2000). Disciplines and Discourses: Social Interactions in the Construction of Knowledge.
-Hyland, K., (2008). Meta discourse, Exploring interaction in writing. Language in Society, February, 37(1).
-Jabbar, W., (2019). "Investigating Fourth Year College Students' Awareness in the Use of Hedging and Boosting in Their Academic Research Project. Journal of Garmian University, 6(2).
-Lakoff, G., (1973). Hedges: A Study in Meaning Criteria and the Logic of Fuzzy Concepts, Papers from the Eighth Regional Meeting of the Chicago Linguistic Society. Journal of Philosophical Logic, 2(4).
-Livytska, I., (2019). The use of hedging in research articles on applied linguistics. Journal of language and cultural education, 7(1).
-Lyons, J., (1977). Semantics: Volume 2 (Vol. 2). Cambridge University Press.
-Myers, G., (1989). The pragmatics of politeness in scientific articles. Applied Linguistics, 10(1).
-Meyer, C.F., (2023). English corpus linguistics: An introduction. Cambridge University Press.
-Rounds, P., (1981). On hedging in social science written texts. University of Michigan (Mimeo).
-Sarsarabi, S.S. and Zolfaghari, S., (2021). Comparative Study of Hedges Utilization by Iranian and Native American Researchers in Applied Linguistics. Research in English Language Pedagogy, 9(Special Issue of NTLL Conference).
-Schröder, H. & Zimmer, D., (1997). Hedging Research in Pragmatics: A Bibliographical Research Guide to Hedging. In: R. Markkanen & H. Schröder, eds. Hedging and Discourse. s.l.: De Gruyter.
-Sharndama, E. C. & Panamah, J. H., (2012). Hedging in Professional Legal Texts. British Journal of Humanities and Social Sciences, 4(1), p. 41.
-Skelton, J., (1988). The care and maintenance of. ELT Journal,, 42(1), p. 37.
-Takimoto, M.(2015). A corpus-based analysis of hedges and boosters in English academic articles. Indonesian Journal of Applied Linguistics, Volume 5.
-Tannen, D., (1994). Gender and discourse. s.l.:Oxford University Press.
-Varttala, T.,(2011). Hedging in Scientifically Oriented Discourse. Exploring Variation According to Discipline and Intended Audience.Tampere University Press.
-Ventola, E., (1997). Modalization: Probability – an exploration into its role in academic writing. Culture and Styles of Academic Discourse, Volume 104.
-Weinreich, U., (1966). Universals Of Language. 2nd ed. New York: Cambridge.
-Yule, G., (1996). Pragmatics. New York: Oxford University Press..

3- چاوپێکەوتن

– چاوپێکەوتن لەگەڵ (حاکم هاشم حسێن اسماعیل)، پارێزەران (هەڵەز عیماد مەجید و بڵێسە سەرهد عەزیز) لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، ڕێککەوتی (2024/6/10).

## Linguistics Hedges in Judicial Texts

**Agreen Shawkat Hadi**
Department of Legal Administration, Erbil Technical Administrative Institute, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan- Region, Iraq.
agreen.hadi@epu.edu.iq


**Abstract**
Linguistic hedges are a linguistic strategy which is directly related to discourse analysis, as linguistic hedges are meant to reduce emphasis on different discourses. Judicial linguistics and linguistic hedges are two different topics, but they share a common denominator, namely, the use of language. Judicial linguistics uses language information and methods for legal frameworks from criminal investigations to courtroom procedures, i.e., through utilizing linguistic hedges are identified in criminal investigations and cases. Linguistic hedges are words, sentences, and texts that do not have a clear meaning, as the meaning of the statements and writings are vague and the speaker does not express his true statements directly or definitively, so that he does not take responsibility arising from a situation he may face in the future. This study discusses the use of linguistic hedges in judicial texts where the claimants, defendants, and witnesses during the investigations and taking statements try to distance themselves from the truth of the matter and not to incriminate themselves due to the consequences that will affect the decisions of the court. The research method focuses on one of the criteria of the Scientific Content Analysis Method. This study consists of two parts: the first part is theoretical, and the second part focuses on the relationship between judicial linguistics and linguistic hedges, followed by the analysis of several judicial cases.
**Keywords:** linguistic hedges, judicial linguistics, crime, self-protection preservation.


## التحوط اللغوي في النصوص القضائية


**ئاگرین شوکت هادي**
قسم الإدارة القانونية، المعهد التقني الإداري أربيل، جامعة أربيل التقنية، أربيل، إقليم كردستان، العراق
agreen.hadi@epu.edu.iq


**الملخص**
التحوط اللغوي عبارة عن الإستراتيجية اللغوية، هذا الموضوع له عِلاقة مُباشرة بالتحليل الخطابي، التحوط اللغوي هو لتقليل التأكيد في الخطابات المتنوعة، حيث ان علم اللغة القضائية و التحوط اللغوي موضوعان مختلفان، بالرغم من ان النقطة المشتركة بينهما هو استخدام اللغة، وعلم اللغة القضائية العلمية يستخدم الأشكال اللغوية، أو الأساليب اللغوية في إطار قانوني في التحقيقات لإجرامية، ويتم استخدام هذه اللغة بدءاً بالإجراءات في قاعات المحاكم، أي بالاستفادة من هذه اللغة، يتم الاستعانة بالتحوط اللغوي في التحقيقات وأضابير الإجرام. التحوط اللغوي هو الكلمات والجمل والنصوص التي لا تتضمن معاني واضحة، لأن هذه الكتابات فيها معاني غامضة، أي حقيقة الناطقين بها لا يعبر عن هذه المعاني لإنهاء القضايا بشكل واضح ولك لكي لا يحمل نفسه المسؤولية بسبب ها الموقف تجاه الاستخدام اللغوي المذكور مستقبلا. هذا البحث يبحث عن استخدام التحوط اللغوي في النصوص القضائية عند المدعي والمدعي عليه والمتهم والشهود أثناء التحقيقات وأخذ الإفادات، حيث يسعى كل منهم تجنب حقيقة الموضوع وذلك لكي لا يحمل نفسه نتائج ما يترتب عليه من التجريم تجاه الآخر نتيجة هذه التحقيقات، بسبب تأثيرات النتائج على قرارات المحاكم. تعتمد منهج هذا البحث على أحد معايير ( Scientific Content Analysis method ). هذا البحث يتكون من قسمين، القسم الأول نظري والقسم الثاني عملي حيث تم القاء الضوء على العِلاقة بين علم اللغة القضائية والتحوط اللغوي، وبعد ذلك تناولنا بالتحليل بعض القضايا القضائية.
**الكلمات المفتاحية:** التحوط اللغوي، علم اللغة القضائي، الجريمة، حفظ الذات.


## پاشکۆکان









هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
Judicial Council
قسەی تۆمەتبار
A 115


هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
Judicial Council
قسەی تۆمەتبار
A 116












Scanned with CamScanner





Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner